# وەنەوشەی شاژن



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# وەنەوشەی شاژن

## کۆمەڵە چیرۆکێکی هاوچەرخی فارسییە

وەرگێڕانی:

**کەریم سۆفی**



کتێب: وەنەوشەی شاژن – کۆمەڵە چیرۆکێکی هاوچەرخی فارسییە
وەرگێڕانی: کەریم سۆفی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٤٩٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٦٠)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

## بەرایی

ئەم چیرۆکانەی لێرەدا بڵاوکراونەتەوە، بریتین لە پازدە چیرۆکی فارسی، واتە هەر لە بنەڕەتەوە لە زمانی سەرەکییەوە وەرگێڕدراون، هەموویان کاتی خۆی لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە لێرەدا هەوڵ دراوە شێوازی نووسین و ڕێنووسەکان یەک بخرێن. ئەگەرچی قۆناغ و سەردەمی ژیانی چیرۆکنووسەکان جیاوازییان هەیە، بەڵام هەموویان وەکو ناوەڕۆک لایان لە کێشە مرۆڤایەتییەکان، یان گرفتێکی ناو کۆمەڵگاکەی خۆیان کردووەتەوە و بەشێوەیەکی هونەری – مەبەست هونەری چیرۆکنووسینە – خستوویانەتە ڕوو کێشەکان لەزۆر ڕووەوە لە کێشەی کۆمەڵگەی کوردی زۆر دوور نینە و لە هەمانکاتدا بەشێکی زۆری کۆمەڵگەکەمان هەر لە نێویاندا دەژین، بۆیە ڕەنگە زۆر لەو چیرۆکانە دەربڕین بن لە کێشە و گرفتی ناو کۆمەڵگاکەی خۆشمان، هەر لەم سۆنگەوەش چیرۆکەکان هەڵبژێردراون و وەرگێڕدراون.

# وەنەوشەی شاژن

موجتەبا مینەوی

کاتی خۆی ئیمپراتۆری ئەڵمان وای بەباش زانی کە لەگەڵ قەیسەری ڕووسیادا ئاشت بێتەوە، لە هەمان کاتدا ئاشتی و ئاسایش لە نێوانیاندا هەبێ. لەکۆتاییدا ئیمپراتۆری ئەڵمان حەزی دەکرد بناغەی ئاشتی پتەوتر بکات و لەگەڵ قەیسەردا ڕێک بکەوێت، تالەم ئاخیرو ئۆخرەی ژیانیدا کەمێک مێشکی لەگێرمە وکێشەی شەڕ وشۆڕ بسێتەوە و پاشان کە دەشمرێ خەڵکی بڵێن: «بەخوا بابە پیاوێکی تێگەیشتووبوو، دەیزانی کە شەڕو شۆڕ جگە لە گەوجێتی وشێتێتی هیچی دی نییە!»

**بە**دبەختییەکەی ئیمپراتۆریش لەوەدا بوو! ئەوەندە پیرو بێ توانابوو، لەوە دەترسا ئەگەر خۆی بچێت بۆ (سەن پترسبۆرگ) واتە(لینینگراد)ی ئەمرۆ، دووچاری زۆر ناخۆشی و هیلاکی دەبێت، بۆیە سەرۆک وەزیرانی خۆی لەگەڵ نامەیەک هەناردە دەرباری قەیسەری ڕووس، ئەم سەرۆک وەزیرانەش هەمان پسمارک بوو کە هەموومان ناویمان بیستووە.

کاتێ پسمارک گەیشتە (پترسبۆرگ)، دنیا شەو بوو، کاتیش ناوەخت بوو، وەزیری دەربار پێشوازی کردو خواردنی شەوانەیان بۆ ئامادە کرد، پاشان دەستووری دا کە کۆشک و تەلارێکی گەورەیان بۆ ڕیکخست و جێ



و بالینگانەکی پوختەشیان بۆ ڕازاندەوە. پسمارک لەوێدا نووست. بەیانی زوو هەرکە لە خەو هەڵسا دیتی تازە خۆر هەڵاتووە، پێویستە ئەوەش لە بیرنەکەین کە سەرۆک وەزیرانی ئەڵەمان گوێڕایەڵی ئامۆژگاری باو و باپیرانی دەکرد کە گوتوویانە: «بەیانیان زوو لەخەو هەڵسە تابەختەوەربیت.» یان کورد گوتەنی «ئیشی بەوەختی پاشای سەرتەختی» هەمیشە بەگوێرەی ئەم ئامۆژگاریە ڕەفتاری دەکردو بەیەکێک لە هۆیەکانی سەرکەوتنی کارەکانی خۆی دەزانی. هەرکە لەخەو هەڵسا... یەکسەر جلەکانی خۆی لەبەرکرد و چووە دەرەوە بۆ ئەوەی کەمێک لەباغی شاهیدا هەوای خۆش هەڵمژێ و پیاسەیەک بکا. بۆ هەرلایەک چوو دیتی پاسەوانەکانی قەیسەر هەمووی بێدارن. لە هەموو سووچێکی کۆشک ولە سەر هەر باریکەڕێییەکی نێو باغەکەدا دیتی سەربازێکی باڵابەرز لەژێر چەترێکی چاودێریدا ڕاوەستاوە.

پاسەوانەکان دەستوورزان و مایەی ڕێز و ئەدەب بوون. هەرکە چاویان بەو دەکەوت، یەکسەر ڕەق ڕادەوەستان و بەوپەڕی ڕێزەوە سڵاویان دەکرد. پسمارک زۆر دڵتەنگ و بێزار بوو، چونکە دەیزانی پاش خواردنی بەیانی قەیسەر دەنێرێتە دوای و دەبێ لەزۆر مەسەلە بکۆڵنەوە و دەربارەی زۆر شت قسەبکەن. بۆیە حەزی دەکرد پەنایەکی چۆل بدۆزێتەوە... ماوەیەک بەتەنیابێت و هەست و بیری خۆی کۆ کاتەوە و وەڵام بۆ پرسیارەکانی قەیسەر ڕێک بخات، کەچی ئەم پاسەوانانە لەگەڵ ئەم ڕەفتارە ڕێکە شیاندا بیرو هۆشیان دەورووژاند، بەتایبەتی کە جلوبەرگ و پۆشاکە پڕ لە بریق و هۆڕەکانیشیان لەگەڵ ڕەنگی گەڵا و گوڵەکاندا زۆر ناڕێک بوون. پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر ڕۆیشت...لە کۆتاییدا کەوتە سەر باریکە ڕێییەک، وەکو ئەمەی کە لێرەدا ئیدی لەدەست پاسەوانەکان قوتاربوو. سەری بڵندکرد چاوی بەدار سنەوبەرێک کەوت کە پارچە چیمەنێکی سەوزی بێ گەردو تەڕوتازە دەوریدا بوو. لە دنیادا بێ وێنە بوو. سەری

دێشا بۆکەسێک کە بیەوێت کەمێک تەنیاو ئاسوودەبێت. بەرەو ئەوێ هەنگاوی نا. لە هیکەوە چاوی بەسەربازێکی بالآبەرز کەوت کە لە ناوەڕاستی چیمەنەکەدا ڕاوەستابوو، بەڵام نەک هەر بەتەواوی لەناوەڕاستدا، بەڵکو چەند پێیەک ئەولاتر. زۆر بەنا بەدڵییەوە ڕێیەکەی خۆی گۆڕی و زوو لەوێ دوور کەوتەوە! لەنکاوڕا وای بەخەیاڵدا هات کە بۆچی دەبێ ئەم سەربازەیان بەتایبەت ئالەم شۆینە دانابێ!؟ زۆری حەز دەکرد کە تەنیا بێت و هەست و بیری خۆی ڕێک بخات هەتاکە لەگەڵ قەیسەردا یەکدی دەبینین نەبادا قسەیەکی خراپ و نارێکی لەدەم دەرچێ، بەڵام بەدرێژایی ژیانیشی هەرگیز نەیتوانیوە واز لە شتێک بێنی کەتێی نەگەیشتبێ! ئەمەشیان دیسان هۆیەکی تری سەرکەوتنی کارە کانی بوو. خۆ ئەگەر شتێکی بینیبایەو لێی تێنەگەیشتبایە ئەوەندەی لێ دەپێچایەوە و بەدوایدا دەگەڕا هەتا نهێنییەکەی بۆئاشکرا دەبوو.

بەهەرحاڵ. گەڕایەوە و چووە لای سەربازەکە. پاش ئەوەی ئەم پاسەوانەش بەپێی دەستوورو نەریتی دروست، سەلامێکی بۆ کرد، پسمارک لێی پرسی: «ئەگەر لاتان زەحمەت نەبێ بلێ، بزانم تۆ لێرە دا خەریکی پاسەوانی چیت؟» وارێکەوت ئەم سەربازە خەڵکی (فنلندا) بوو. هێشتا فێری شێوە زمانی ئەدەبی دەربار نە بوو بوو، بەزمانێکی زۆر ڕەق و سارد وەڵامی دایەوە: «من چوزانم؟!» پسمارک، ئاوڕێکی دایەوە گوتی: «ئاخر ئەمە هیچ مانای نییە ئەگەرلە سووچێکی ئەو ڕێیە وەستابای. یا بەلایەنی کەمی بەتەواوی لە ناوەڕاستی ئەم چیمەنەدا ڕاوەستابای، هەرباشتر بوو هەرچەندە ئەمەش ئەوەندە فەرق ناکات و بەماقوولیش نایەتە بەرچاو...» سەربازەکە کەمێک تووڕە بوو لەوەی کابرایەکی لاوەکی کە جلی سەربازی لەبەرنییە، هاتووە خەوشی لێ دەگرێ، بۆیە ئاوا وەڵامی دایەوە: (گوتیان لە کوێ ڕاوەستە، لەوێ ڕادەوەستم.) ئاخر کێ پێی گوتی کە لێرە ڕاوەستی؟! لەسەر فەرمانی سەرداری پاسەوانان، ئیتر لە سەری مەڕۆ...



پسمارک پیاسەی خۆی کرد و گەڕایەوە کۆشک، بەڵام نەیتوانی مەسەلەی ئەم پاسەوانە لە بیرخۆی بباتەوە کە بەوپەڕی ئارام و دان بەخۆداگرتن ئێشک دەگرێ و ناشزانێ پاسەوانی چییە! پاش نان خواردنی بەیانی، بردیانە لای قەیسەر، دوای کەمێک گفتوگۆ، قەیسەر سەری سوڕمابوو لەوەی کە کابرایەکی ئاوا پەرێشان خەیاڵ و هەست شێواو چۆن ئەوها لە تەواوی ئەوروپادا ناوبانگی دەرکردووە، وەکو بلیمەتێکی ڕامیاری لە دنیادا ناسراوە بۆیە پێی گوت: واپێدەچێ هێشتا لە مەبەست حاڵی نەبووبی؟ بۆیە ناچارم کە باشتر ڕوونی بکەمەوە: دەتەوێ بزانیت من سەربازەکانی خۆم لە پۆلۆنیادا چۆن دابەش دەکەم ولە چ شۆینێکیان دادەنێم؟. پسمارک قسەکەی پێ بڕی و گوتی: «لە ناوەڕاستی باغچەکان!»

قەیسەر سەرسام بوو، وشت وشت تێی ڕاما!!

پسمارک یەکسەر هاتەوە سەرخۆ، خۆی خڕکردەوە و ڕاست و دروست دانیشت وگوتی: «هیوادارم کە ئیمپراتۆری پایە بەرز لە بەندە ببوورن، ڕاستییەکەی من دوێنی بەیانی شتێکم بینی، لێم بووە بەمەتەڵ و مەراق تەواوی بیرو هۆشی خەریک کردووم!»

قەسەر گوتی: ( بەڕاست؟ دەکرێ بپرسم چی بووە! ئابەم شێوەیە بیرو هۆشی خەریک کردووی؟ چونکە ئێمە حەزدەکەین مێوانەکەمان لە هەموو بارێکەوە بەخۆشی ڕابوێری و هیچ زویر و بێزار نەبێت.)

پسمارک مەسەلەکەی گێڕایەوە، قەیسەر برۆکانی وێک هاتنەوە و کەمێک بیری کردەوە و پاشان گوتی: (گوتت ئەو باغچەیەی کە لەو پەڕی دارستانی چرۆکانە وەیە؟ بەمەزندەی من ئەم باغچەیە لە دێروزەمانەوە بۆ مەشق کردن و نیشان پێکاندن بەکار دەهێنرا، بەڵێ، خۆیەتی... ئێستاکە دێتەوە بیرم، منیش بەلایەنی کەمی پێنج سەد جار ئەم سەربازەیەم لە نێو

ئەم باغچەیەدا دیوە، بەڵام هیچ وەختێ بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە لێی بکۆڵمەوە دابزانم ئەم سەربازەیان بەچ کارێک لێرە داناوە! وەرە ئێستا با پێکەوە بچین و لە خۆی بپرسین. گەلاڵە نامەی رێککەوتنەکەشمان دەخەینە دوای نیوەڕۆ.

هەڵسان و پێکەوە ڕۆیشتن بۆ شوێنی مەشق کردنەکە.

پاسەوانەکەی سەر لەبەیانی لەوێ نەمابوو، بەڵام سەربازێکی تر هاتبووە جێگاکەی. بەتەواوی لە هەمان شوێنی ئەو ڕاوە ستابوو. ئەمیش هەر وەکو پاسەوانەکانی تر بەهەمان ڕێزو ئەدەبەوە سلاوی کرد. قەیسەر لێی پرسی:

«چی دەکەی لێرە؟» سەربازەکە بەترس و لەرزەوە گوتی: «قوربان، نازانم!» دەستووردرا کە سەرداری پاسەوانەکان بێنن، بەڵام ئەویش هیچی نەزانی! هەرکە جێگری پاسەوانەکانیان هێنا، پێی ڕاگەیاندن کە هەر شۆینێک پاسەوانی لێ ڕابوەستێ بەپێی دەستوورو فرمانی سەرهەنگە! ئابەم جۆرە قەیسەر فەرمانی دا سەرهەنگی پاسەوانانی تایبەتی ئیمپراتۆریان هێنا. سەرهەنگ ڕوونی کردەوە کە: «جێ و ڕێی یەک یەکی ئەم پاسەوانانە سەرهەنگێکی دی کە بەرلەوەی من ئەم کارەم پێ بسپێردرێ دیاری کرد بوو، هەروەها بەرنامەیەکی ڕێک خستبوو کە وەزارەتی جەنگیش پاش پێدا چوونەوەو گفتوگۆ کردن لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆدا دەنگی لەسەردابوو و پەسندیشی کرد بوو، ئەگەرچی ئەوسەرهەنگەش دەمێکە تەمەنی درێژی بۆ پاشای خاوەن شکۆ بەجێ هێشتووە، بەڵام گومانی تێدانییە کە دەقی بڕیارەکان لە ئەرشیفی وەزارەتی جەنگدا پارێزراون.»

قەیسەر پرسی: «ئەدی باشە ئێوە لەم ماوەیەدا جێ و ڕێی ئەم پاسەوانانەتان قەت نەگۆڕیون؟.»

سەرهەنگ بەنەوازشەوە گوتی: پاشای بەرێزمان دڵنیا بێت کە



بەدرێژایی ئەم دوازدە ساڵەیە، بەندە هیچ گۆڕانێکی لە جێگەی پاسەوانەکاندا نەکردووە! هەرەکو چۆن لەو ساڵییەوە پلەیان بەرز نەکردبۆوە بەهەلی زانی کە خزمەتەکانی ئەم چەند ساڵەی خۆی وەبیر قەیسەر بێنێتەوە ڕەوایەتی خۆی بسەلمێنێ. پاشان دووبارە گوتی: «قوربان، جێگای هیچ یەک لە پاسەوانەکان بەئەندازەی پێیەک چییە نەگۆڕاوە!»
قەیسەر بۆئەوەی نەوەک پسمارک گومان لە کارامەیی کاربەدەستەکانی بکات، قسەکاتی لە کورتی بڕیەوە، هەر ئەوەندەی گوت: «زۆرباشە، دوای نانی نیوەڕۆ باسی ئەم مەسەلەیە دەکەین، ئێستا بەزووترین کات بڕۆ یەکسەر نووسراوێک بۆ وەزیری جەنگ بنێرەوە تێیدا بڵێ: دەمانەوێ بزانین ئەم سەربازەیە بۆچی لەم باغچەیەدا، بەتایبەتی ئالەم شوێنەدا پێویستە ئێشک بگرێت؟» وەختێ ئەم هەواڵە گەیشتە وەزیری جەنگ، مەپرسە چ قیامەتێک هەڵسا! وەرەو تەماشای کە:

وەزیری جەنگ، هەرچەند کۆنە مارشاڵە بەساڵا چووەکان هەبوو، داوای ئامادە بوونیانی کرد! دوو کاتژمێری ڕەبەق لەگەڵیاندا کۆبۆوە. کارمەندانی وەزارەتیش لە پشکنەرو ئەفسەری دەست کە وتوو هەتا نووسەر و کاربەدەستانی تۆمارکردن هەموویان خەریکی گەڕان و سووڕان و پشکنین بوون، هەرچی گەنجینە و قەفەس و کارتۆن ودۆسیە و مێز و دۆڵاب و سەبەتەی کاغەزی بێ کەڵکی وەزارەتەکە هەبوو، هەمووی کون بەکون گەڕان تەپ و تۆزێک ئەوناوەی گرتبۆوە هەناسەی لە پیاو دەبڕی، کاربەدەست و فەرمانبەرەکان هەمویان دەپژمین و دەکۆخین. پیرترین کۆنە مارشاڵی وڵات سەرەڕای ئەوەی کە کەڕ بوو، ماوەیەکیش بوو لە ناو جێ کەوتبوو. وەزیری جەنگ ناچار بوو سواری گالیسکەیەک بێت و بەخۆی بچێتە ماڵی ئەو. پیرمارشاڵ قسەکانی وەزیری جەنگی بەرەواژی دەبیست و پێچەوانە تێ دەگەیشت. وای دەزانی کە مەملەکەتی ئیمپراتۆری لە بەر خزمەتەکانی کۆنی ڕێزی لێناوە بۆیەگوتی: (بەڵێ، بەڵێ باش تێدەگەم

کەوا ئیمپراتۆر دەیەوێ بزانێ کە پەنجاو پێنج سال لەمەوبەر چۆن و بە چ پلانێک لەشکری عوسمانیم تێک شکاند! زۆر لە جێ و ڕێی خۆیەتی، چونکە ئەم کێشەیە لە هیچ یەک لە کتێبە مێژووییە کاندا باس نەکراوە و هەتا منیش لەسەرژیانم واباشە کە بپرسن! بۆ ئەوەی وەکو یادگار بۆ نەوەکانی دوای خۆمان بمێنێتەوە...!) ئێستا ئەگەر ڕاستی مەسەلەکەتان دەوێ، ئەسلەن مەسەلەی ئەم مارشالەو تێک شکاندنی لەشکری عوسمانی هەر لە ئارادا نەبووە، بەڵکو ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مێژووی عوسمانییەکان، ئەوان دەڵێن ئەم مەسەلەیە بەپێچەوانە یە! بەڵام هەرچۆنێ بێت ئەومارشالە هەر لەنێو نوێن ولێفە کەی خۆیدا بەدەست جێ و ڕێی هەموو لە شکرێکی دیاری کردو بڕیاری دا کە تەواوی مەسەلەکە بگێڕێتەوە.

وەزیری جەنگ، بێچارە دەستی کرد بەهاوارکردن و دەستەکانی خۆی هێناو برد، وەکو کەڕولاڵ بەهێماو ئاماژە قسەی دەکرد هەتا لە کۆتاییدا مارشالیان تێگەیاند کە ئیمپراتۆر مەسەلەی شەڕی نێوان ڕوسیا و عوسمانی ناوێ، هەر ئەوەندەی دەوێ کەبزانێ هۆی چییە کە بەپێی نەخشەیەکی دیاری کراوی وەزارەتی جەنگ، دەبێ لە ناوەڕاستی باغچەی پاشا بەتەواوی سی و حەوت شاقاو دوور لە شۆینی نیشان شکاندن لە لای خوارووی ڕۆژ ئاوایدا هەمیشە سەربازێک ئێشک بگرێ!؟ پیرە مارشاڵ هەرکە لە کاکڵەی مەسەلەکە گەیشت، وەکو ئەوەی جامە ئاوێکی ساردی بەسەردا بکەن، سپی هەڵگەڕا، بەبێ ئەوەی بەسەرخۆی بێنی گوتی: «گەورەم، دەزانی کە لەم ڕۆژانەدا مێشکم تەواونییە، بەڵام ئەوەی من بۆی دەچم ئەمەیە کە ڕەنگە سەرەتای مەسەلەکە ئەوە بووبێت بەناوی سزادان و سەرزەنشت کردن ئەم سەربازەیان ئا لەو شوێنە دانابێت!. وەزیری جەنگ دیسان بەهێماو ئاماژە تێی گەیاند کە ئەم سەربازە ساڵە های ساڵە هەر لەم شوێنە دا بە پاسەوانی ڕاوە ستاوە.



پیرە مارشاڵ گوتی: سەیرنییە، ئاخر لە زەمانی ئێمەشدا ئینجبات هەر ئینجبات بووە...!؟

وەزیر گوتی: «ئێی سەرەڕای ئەمە، ئەو سەربازە ئیدی سەربازەکەی تر نییە، گۆڕاوە، هەر چوار کاتژمێر جارێک سەربازێکی تر دێت و نۆبەت وەردەگرێ.»

مارشاڵ گوتی: جالەمە باشتر! لێرەدا مەسەلەکە لایەنێکی تری لێ دەبێتەوە، حسێبی خۆت ڕاگرەو بیبینە. هەر چوار کاتژمێر یەک جار، لەبیست و چوار کاتژمێردا دەکاتە هەشت جار، نەخێر! بیست و چوار دابەش سەر چوار دەکاتە شەش، لە هەر بیست و چوار کاتژمێردا شەش جار، شەش لە سێ سەد و شەست و پێنج ڕۆژ بدە ئەمە ئەگەر لە کاتێکا ساڵ کەبیسە بێ، کە سێ سەدو شەست و شەش ڕۆژە حسێبی نەکەی...»

وەزیری جەنگ، ئیدی تاقەتی نەما گوێ بداتە قسەکانی پیرە مارشاڵ، هەڵساو بەکورتی خواحافیزی کردو بەدڵ ساردی و نائومێدییەوە سواری گالیسکەکەی بوو و گەڕایەوە وەزارەتی جەنگ.

لە وەزارەتی جەنگیشدا هەر چەندی گەڕابوون و سووڕا بوون هۆی سەرەکی دەرنەکەوتبوو، نزیک ڕۆژ ئاوابوون وەزیری جەنگ بەناچارییەوە چووە خزمەت قەیسەر و بەوپەڕی ناخۆشییەوە گوتی: «قوربان، هەر چەندی گەڕاین و سووڕاین هیچمان بەهیچ نەکرد، لە وەزارەتیش نەکەسێک هەیە بزانێ و نەبەڵگەنامە و دەفتەر و نووسراوێک هەیە ئەوەیان تێدا تۆمارکردبێ کە بۆچی دەبێ ئەم سەربازە لە ناوەڕاستی ئەم باغچە یە ڕابوەستێ.»

ئاوا، پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، چەند ئەندازیارێکی مەملەکەت لەوباغچەیەدا خەریکی لێکۆڵینەوەی ناوچەیی بوون و زەویان بست بەبست لێکدا، کەچی بەهیچ شێوەیەک بەڵگە و ئاسەوارێکیان دەستگیر

نەبوو، وردە وردە ئەم مەسەلەیە بەرادەیەک مێشکی قەیسەری خەریک کردبوو کە مەسەلەی پەیمان بەستنی لەگەڵ ئیمپراتۆری ئەڵمان بەجارێ لە بیر چوو بوو، ئەگەر ڕاستیشت دەوێ هەتا پسمارکیش ئەم مەسەلەیەی لە بیر کردبوو.

ڕۆژی دواییش هەر بەم جۆرە ڕۆیشت، وەزیری دەربار تەواوی کارە کەرو دەست و پێوە ندەکانی قەیسەری کۆکردەوە، یەکە یەکە قسەی لەگەڵ کردن، بەڵام بەهیچ ئەنجـام نەگەیشت. کـار بەشـوێنێک گەیشتبوو هەتا خزمەتکارەکانی دەربار لە کاتی هات و چوونیاندا کە بەیەکتری دەگەیشتن لێکیان دەپرسی.. باشە ئاخر چۆن بڕیاردرا کە ئەم سەربازەیە لە نێو ئەو باغچەیەدا بەپاسەوانی دابنێن!؟. سێیەم ڕۆژ قەیسەر دەستووری دا کە بانگ ڕاهێڵ و جارچی بنێرنە نێو وڵات و دەستووری شاهانە بەئاگاداری خەڵکی ڕابگەیەنن کە هەرکەسێک لەبنج و بناوانی ئەم مەسەلەیە ئاگادارییەکی هەیە، ئەوا بەخزمەتی پاشای پایە بەرزی ڕابگەیەنی. هەزار (مۆنیتا)(*) پاداشت وەردەگرێ هەرتاوانێکیشی کردبێ، ئەوا لێی دەبووردرێ.

لە کۆشکی پاشایەتیدا لە و باڵاخانەیە، لەبن هەیوانێ پیرەژنێک دانیشتبوو، خوری دەڕست، هەندی لە تەک چەرخی ڕستن خۆ خوارکاتەوە پشتی کۆمابۆوە. ئەم پیرەژنە لە تافی لاویدا شیری دابووە داپیرەی ئەو قەیسەرە، ئافرەتێکی بەناوبانگ بوو، بەڵام بەم دوا دواییەی تەمەنی، کاری ئەمە بووە کە خوری بڕێسێ و بینێریتە کارخانەی پاشا هەتا خوانچەی کەتانی بۆ قەیسەر لێ دروست کەن. کەس بەری وەلای ئەم پیرەژنەیە نەبوو! جگە لە و کچەی کە خزمەتی دەکرد و لە چێشتخانەی شاهانەدا خواردنی بۆ دەهێنا.

(*) مۆنیتا: جۆرە دراوێکی ڕووسی بووە کاتی خۆی.



ئەم دایەنە پیرە، بەکچەی گوت «دەبێ چی ڕووی دابێت، نازانم چ خەبەرە دیسان، کەوا جارچی و چاوەشانی پاشایەتی بەردەوام خەریکی زوڕناو کەرەنا لێدانن. وا دیارە کە ڕووگەی جیهان. فەرمانێکی دەرکردووە و پێویستە تەواوی دانیشتوان ئاگادارین نەبادا بڕیاری جەنگی دابێت لەگەڵ پاشایانی تردا.» کچۆلەکە وەڵامی دایەوە، ڕەنگە ئاگادار نەبیت؟ تەواوی ئەم هەرا و هۆریایە لە بەر خاتری یەک سەربازە! «کام سەرباز..؟» ئەو سەربازەی کە لە ناوەڕاستی باغچەدا پاسەوانە...!

(کام باغچە؟) ئەوباغچەیەی کە لەکاتی خۆیدا شوێنی مەشق و نیشان پێکان بوو. سەربازێکیان بەپاسەوانی لە ناوەڕاستی ئەو باغچەیە داناوە و خەڵکەکە هەموویان دەیانەوێ بزانن کە ئەو سەربازە خەریکی پاسەوانی چییە لە وێدا..!

پیرەژن هاواری کرد: خەڵکی هەموویان دەیانەوێ بزانن کە لە بەرچی ئەو سەربازەیان لەوێ داناوە! خوا ڕەحمـان پێ بکات، بەخوا سەیرمان بەسەر هاتووە!؟ کچۆلەی خزمەتکار گوتی هەی داد و بێ داد: «هیچ کەس نازانێ – قەیسەر دەستووری داوە جار بدرێ هەر کەسێک هۆی ئەم مەسەلەیە بزانێ، ئەوا هەزار مۆنیتای خەڵات دەدەنێ.»

پیرەژن بەبزە خەنەوە گوتی: «هەزار مۆنیتا! پارەیەکی باشە، ئەگەر تۆ نیوەی ئەم پارەیەت دەبوو بارگە و جیهازێکی باشت بۆخۆت ڕێک دەخست و لەگەڵ ئەو باغەوانە جاحێڵەی کە هاوڕێتە زەماوەندت دەکرد. لەبەرئەوەی تۆ کچۆڵەیەکی زۆر باشی و موحیبەتی منت ویستووە، حەزدەکەم بارگە و جهازێکت بۆ ڕێک بخەم. وەرە دەستم بگرە و بمگەیەنە بەردەم ڕووگەی جیهان.»

کچۆڵە دەستی گرت و لە پەیژەکەی بردە خوارێ، هەر لەگەڵ گەیشتنە بەردەم قەیسەر، داپیرە بەڕێزەوە سڵاوی کردو گوتی: «ئەگەر خاوەن شکۆی

پایە بەرز، ڕووگەی جیهان ڕێ بدەن، خزمەتکارتان، دەتوانم چیرۆکی ئەو سەربازەتان بۆ بگێڕمەوە کە لە ناوەڕاستی باغچەدا بەپاسەوانی دانراوە! حەفتا... هەشتا ساڵ لەمەوبەر. لە و شۆینەی کە شاژنی خوا لێخۆش بوو، داپیرەی پایە بەرزتان، تازە زەماوەندی کرد بوو، ڕۆژێکیان بڕیاری دا کە بەرابڕکێی نیشانانێ ساز بدرێ، چونکە لەو ڕۆژگارەدا خاتوونانی دەربار هەموویان لە یاری نیشانانێ و نیشان پێکان کارامە و لێ هاتوو بوون و شاژنیش (یادی بەخێر) لە هەموویان کارامەتر و لێ هاتووتر بوو، دەست و بازوویەکی زۆر جوانیشی هەبوو، خوای لێ ڕازی بێت. دەزانی کە بۆ نیشان پێکاندن چ لە دەست و بازوو باشتر نییە.

بەهەرحاڵ. خاتوونانی دەربار، پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکیان لەم باغچەیەدا خڕبوونەوە – بەهاربوو، ئاوو هەوا زۆر خۆش بوو، هەرکە خاتوونەکان یەکەم تیریان هاویشت، بەکۆمەڵ تاویان داو چوون تابزانن تیرەکانیان چۆن نیشانەکانیان پێکاوە. بەڵام شاژن لەنکاوڕا لە جێی خۆی چەقی و فەرمانی دا کە هەموویان بوەستن، پاشان چەمایەوە و هاتە سەر چۆکان و هەموو خاتوونەکانی لە دەور کۆبوونەوە. ئالەو شوێنەدا وەکو لە بیرم بێ لەناوەڕاستی ئەو باغچەیەدا گوڵە وەنەوشە یەک ڕووا بوو، ئەمەش یەکەمین وەنەوشەی ئەو بەهارە بوو کە کەوتبووە بەرچاوی شاژن.

لەو کاتەی کە تەواوی خاتوونانی دەربار هەتبوونە سەر چۆکان و دەوری شاژنیان دابوو، هەروەها ببوونە هۆی شاردنەوەی جوانی ئەم وەنەوشەیە، قەیسەر کە دەبێتە باپیرەی پایە بەرزتان گەیشتەوێ، گوێی لێ بوو کە ژنەکان بەشاژنیان دەگوت: «دیتنی ئەم وەنەوشەیە نیشانەی خۆشبەختییە خوای دەکرد کوڕ دەبوو!» لەم قسانەدا – باپیرە گەورەی پایە بەرزتان کە ژنەکەی خۆی زۆر خۆش دەویست و لە خواشی دەویست کوڕێکی ببێ، خواش نیازەکەی بەجێ گەیاندو کوڕێکی پێدا کە هەمان باوکی پایە



بەرزتان بوو. هەروەها عەرزی جەنابی پایە بەرزتانی بکەم، کە باپیرەی ئێوە ئەمانەی لە ژنان بیست، یەکسەر دەستووری دا کە سەربازێک بنێرن لە تەنیشت ئەم گوڵە وەنەوشەیەدا ڕابوەستێ و پاێزگاری بکات تا لە کاتی هاتوچۆ کردنی خاتووناندا لە ژێرپێیان نەپلێشێتەوە.

ئەو شوێنەی کە ئەم سەربازە بێچارەیان لێ دانابوو، جێگای مەترسی بوو، چونکە خاتوونان هەمیشە تیریان دەهاویشت و ئەو سەربازەش ڕاست کەوتبووە سەر ڕێی تیرەکان. هەرکە شاژن دیتی یەک دوو جاران تیری بەبنا گوێدا ڕەت بووە. دەستووری دا کە کۆتایی بەو بەرا بڕکێیە بهێنن. بەڵام پاسەوانەکە لە هەمان جێ مایەوە، تا خەڵکی ئەو وەنەشەیە پان نەکەنەوە. جێێ سەرسوڕمان نییە کە لەو ساوە تائەمڕۆ هەمیشە پاسەوانێکیان لەم شوێنە داناوە. تەواوی مەسەلەکە ئەمە بوو کە پێشکەشی پایە بەرزتان کرا.»

پاشی ئەوەی قەیسەر چیرۆکەکەی بیست، پرسی: «باشە، ئەدی مەسەلەی ئەو وەنەوشەیە چی لێهات!؟» یەکسەر کۆمەڵێک خەڵک ڕایان کردو باغچەکەیان هەموو پشکنی، بەڵام هەر شوێنەواریشیان نەدۆزیەوە، چەندین ساڵ بوو کە ئەو گوڵە نەمابوو! ون ببوو! بەڵام، نەخێر... هەتا هەتایی ون نابێت. فەرمان درا کە پاسەوانەکە لەو شۆینە لادەن، بەپێی ڕۆژگار چیرۆکی ئەم پاسەوانەو ئەو شوێنەی کە لێی ڕادەوەستا بەتەواوی لە یادکرا، ئەو باغچەوانە جاحێڵەش لەگەڵ کچۆڵە خزمەتکارەکەدا زەماوەندی کرد بوو، ساڵ هات و ساڵ چوو... خواش کچێکی پێ دابوون. کچەکەی تەمەنی گەیشتە پێنج ساڵی، ڕۆژێکیان لەو باغچەیەی کە لە کۆنەوە تایبەت بوو بۆ مەشق کردن یاری دەکرد، چاوی بەگوڵە وەنەوشەیەک کەوت کەلە ناوەڕاستی ئەو باغچەیەدا ڕووابوو. گوڵەکەی قرتاندو بەغار هێنایە لای دایکی وگوتی: (دایە ،دایە، تەماشای وەنەوشەی سەرەتای ساڵ بکە!؟

ئیتر وا دەردەکەوێ هەر ئەوەندەی کە پۆستاڵە قوڕسەکانی سەربازی پاسەوان لەم شوێنە دوور کەوتبۆوە گوڵە وەنەوشە سەر لە نوێ ژیا بۆوە، بەڵام کۆتایی مەسەلەکە ئیدی نەگەیشتبووە گوێی دانشتوانی کۆشکی قەیسەر. لە ڕاستیدا لە  تەواوی ئەم چیرۆکەدا تەنیا یەک شت لە مێشکی خەڵکیدا مایەوە، ئەویش ئەمەیە کە ئێستاش هەر وەختێ کە دەیانەوێ نامەی پۆستەی دایەرە بکەنەوە یا ئیشێک ڕاپەڕێنن، ئەوا بەکورتی قسە دەکەن و دەڵێن: (ئاخر، باشە، چۆن دەبێ سەرباز لە نێو ئەم باغچەیە لابدرێ..!) زۆر بەی خەڵکی نازانن کەبنج وبنەوانی ئەم مەسەلەیە چییە!....

........................................

تێبینی: ئەم چیرۆکەیەم لەگۆڤارێک وەرگێڕاوە کە ژمارە و شوێنی بەسەرەوە /نەبوو/، هەروەها نووسراوە بەرهەمی (مجتبی مینوی ئیتر نازانم نووسەر خۆی نووسیویەتی، یان وەری گێڕاوە... بۆ دڵنیایی و وەکو ئەمانەتێکی ئەدەبی ئەمەم تۆمار کرد.

# تاریکخانه

سادق هیدایەت

ئەو پیاوەی شەوانە لەسەر ڕێی(خونسار) سواری ئوتۆمبێلەکەی ئێمە دەبوو، بەباشی خۆی لە پاڵتۆ زستانییە سورمەییەکەی وەرپێچابوو، شەپقەکەی تاسەر چاوانی لارکردبووەوە، وەک ئەوەی بیەوێ لە ڕووداوەکانی دنیای دەرەوە و تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی بەدوور و پارێزراوبێت. پریاسکەیەکی وەرپێچراوی لەبن کەوشی بوو، لە نێو ئۆتۆمبێلەکەدا بەتوندی دەستی پێوە گرتبوو. لەماوەی ئەونیو سەعاتەی کە پێکەوە لە نێو ئوتۆمبێلەکەدا بووین، بەهیچ شێوەیەک تێکەڵ قسەی شوفێرەکە و سواربووەکان نە بوو! خۆی خستبووە ژێر بیرکردنەوەیەکی توند و دژوار. هەرکاتێ گلۆپی ئوتۆمبێلێک یان ڕووناکاییەکی دەرەوە، ناو ئوتومبێلەکەمانی ڕووناک دەکردەوە، من بەدزییەوە سەیرێکی دەم و چاویم دەکرد، سەروسیمایەکی سپی و ڕەنگ هەڵبزڕکاو، لووتێکی بچکۆلەی قەڵەمی و پیلّووەکانی بەهیلاکی هاتبوونە خوارەوە، قۆرتێکی خڕی دەوری لێوەکانی، بەتوانایی وبڕیاردەری و ئیرادەی ئەویان دەگەیاند. وەک ئەوەی کەللە سەرێکی لەبەرد داتاشراوبێت! تەنیا هەندێک جار لازمانێکی بەلالێوەکانی دادێناو ئیدی لە فیکران ڕادەچوو! ئوتۆمبێلەکەمان



لە(خونسار) لەبەردەم گەراجی شار وەستا، ئەگەرچی بڕیار وابوو بەدرێژای شەوەکە ڕانەوەستین، بەڵام شوفێرو هەموو ڕێبوارەکانی دیکە هاتنە خوارەوە، من تەماشایەکی دەرودیواری گەراج و قاوەخانەکەم کرد، بینیم ئەوەندە میوان ڕاگر نەدەهاتنە بەرچاو، پاشان چوومە نزیک ئۆتۆمبێلەکە و بۆ بڕاندنەوەی بیانووەکانم بەشوفێرەکەم وت : «بەدڵنیاییەوە دەبێ ئەو شەو لێرە بمێنینەوە؟»

«بەڵێ، ڕێگاکە ناخۆشە، ئەم شەو دەمێنینەوە، سبەی لەگەڵ گەردی بەیانی دەکەوینەڕێ.» یەکسەر بینیم ئەو کەسە هاتە لام کە پاڵتۆکەی لە خۆ وەرپێچابوو، بەدەنگێکی هێمن و لەسەرخۆ وتی: «ئێرە شۆێنێکی لە بارو گونجاو نییە! ئەگەر ناسیاوێک، یان شوێنێکت بۆ خۆت ڕەچاو نەکردووە، دەکرێ بفەرموونە ماڵی من.»

– زۆر سوپاس! نامەوێ ببمە مایەی زەحمەتیتان.

– من حەز بەیەکتر ناسین ناکەم، نە تۆ دەناسم ونە دەشمەوێ بتناسم! تامنەتت بێخمە سەر، بەڵام لەوکاتەی کە ژوورێکم بەئارەزووی خۆم بۆ خۆم دروست کردووە، ژوورەکەی پێشترم بەچۆڵی ماوەتەوە، واشی بۆدەچم کە لەم قاوەخانەیە ئیسراحەتترە.

شێوازی قسە سادەو ساویلکەوبێ سەروبەرەکەی و یەکتر ناسین و تەکلیف کردنەکەی کاری تێکردم و تێگەشتم کەوا من لەگەڵ کابرایەکی ئاساییدا سەروکارم پەیدا نەکردووە، بۆیە وتم: «زۆرباشە، ئامادەم..!» بێ دوو دڵی، دوای کەوتم! لایتەکەی لە گیرفانی دەرهێناو ڕۆشناییەکی ڕاست و ڕەوانی توند کەوتە بەرپێمان، چەند کۆلانێکی بەرزو نزمی دیوار قوڕمان تێپەڕاند، دنیا کڕو بێدەنگ بوو، بەڕادەیەک کشومات بوو،مرۆ سامی لێ دەنیشت. شوڕە شوڕی ئاودەهات وکزە بایەکی فێنک لە سەرووی درەختەکانەوە هەڵی دەکرد و دەپڕژایە سەر ڕوخسارمان، trووسکەی چرای

دووسێ ماڵ لەدوورەوە بەدی دەکرا! ماوەیەک تێپەڕی لە نێو بێ دەنگی و کپیدا دەڕۆیشتین، من بۆئەوەی هاوڕێیە نە ناسیاوەکەم بێنمە قسە، وتم: «دەبێ ئێرە شارێکی جوان بێت!»

وەک ئەوەی بەقسەکەی من سەرسام بێت، دوای کەمێ وردبوونەوە، زۆر لەسەرە خۆ وتی: لە نێوان ئەو شارانەی کە من لە ئێراندا بینیو من، خونسارم پەسندکردووە، نەک لەبەر ئەوەی کشت وکاڵ و دارو درەختی بەردار و ئاوی زۆر، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەی تاکو ئێستاش حاڵەت و کەش وهەوای دێرینی خۆی پاراستووە، چونکە هێشتا حاڵەتی کۆڵان بەدوای کۆڵان، نێوان سەکۆو پایەی ئەم خانووە قوڕانە و دارو درەختە بەرزەکرە کانیان لە نێو کەش و هەوای جاران ماون و دەکرێ بۆن بکرێن وحاڵەتی میوانداریکردنی خۆمانەیان لەدەست نەداوە، یان لێرەدا زیاتر لێک ترازاوو پەرتن، هەمان حاڵەت کەزیاتر شاعیرانە خۆیان دەنوێنن، ڕۆژنامە، ئۆتۆمبێل، فڕۆکە و هێڵی شەمەندەفەر لە بەڵایەکانی ئەم سەدەیەن!! بەتایبەتی ئۆتۆمبێل بەخۆو بەم هۆڕنە و گڕوهۆڕە، ورەی سەکن و شوفێرتا دوورترین کوێرە گونددەبات، بیروڕای تازە گەیشتووی ناخ و ناوەوە، سەلیقەی خواروخێچ ولاسایی گەوجانە لە هەموو کون و کەلەبەریکەوە دەچەپێنی! ڕۆشنایی لایتەکەی دەستی، لەپەنجەرەی ماڵەکان دەداو دەیوت: «تەماشاکە، پەنجەرە نەخشێنراوەکان، خانووە لێک جیاکان هەیانە، مرۆڤ هەست بەبۆنی خاک دەکات، بۆنی یۆنجەی درواوە، بۆنی پیسی ژیان، دەنگی شێرەکلۆ و تەیرو تواری بچورک... خەڵکی بەساڵاچوو و سادە و ئازار چەشتوو، ئەمانە هەموویان دنیای لە بیرکراوی کۆن دەخەنەوە یادو مرۆڤ لە مقۆمقۆی دنیای تازە دوور دەکەنەوە..» پاشان یەکسەر وەک ئەوەی بەخۆ بێتەوە کە منی داوەت کردووە، پرسی: «نانی ئێوارەت خواردووە؟»

– بەڵێ، لە گوڵپایگان نانی ئێوارەم خواردووە.



چەند دەو ڕووبارێکمان جێ هێشت، لە کۆتاییدا لە نزیک چیایەک، دەرگای باغچەیەکی کردەوە و هەدووکمان چووینە ژوورەوە، گەیشتینە بەردەم بینایەکی تازە دروست کراو، چووینە ناو ژوورێکی بچووک کە یەک قەروێلەی سەفەری و مێزێک و دووکورسی پشوودانی تێدابوو. چرا نەوتییەکەی داگیرساند، چووە ژوورێکی دی، پاش چەند خولەکێک بەبێجامەیەکی گوڵداری ڕەنگ گۆشتی هاتەوەو چرایەکی دیکەی هێناو دایگیرساند، پاشان ئەو پریاسکەیەی لە ڕێ لە لای بوو، هێناو کردیەوە و ئاباژۆرێکی(*) سووری لە شێوەی ڕەحەتی دەرهێناو خستیە سەر چراکە، دوای کەمێک ڕامان، وەک ئەوەی لە کارێکدا دوودڵ بێت! وتی: دەفەرموون، بچینە ژووری تایبەتی خۆم!

چرا کڵاودارەکەی هەڵگرت و بەداڵانێکی تەسک وتاریکی تاقداری هاوچەشنە تێپەڕین کە لە شێوەی لوولەیی دروست کرابوو، تاق و دیوارەکانی بەقوڕە سۆر سواغ درابوون و ناوەوەش بەبەڕە و کلیمی سوور داپۆشرابوون، دەرگایەکی دیکەی کردەوە، چووینە حەوشەیەک! لە شێوەی ژوورێکی هێلکەیی بوو، وەک دیاربوو، هیچ کون و کولانکەیەکی بۆدەرەوە نەبوو جگە لە دەرگایەک کەبەرەو دالانەکە دەکرایەوە، بەبێ قوڕنە و بەبێ هێڵی ئەندازەیی دروست کرابوو و تەواوی دارو دیوارو بنمیچ و ناوەوەی بەمەخمەری سوور داپۆشرابوو، لەو بۆن و بەرامە قورسەی کە لە هەوادا پەرش و بڵاو بوو، پشیم ڕۆیشت! چرا سوورەکەی لەسەر مێز داناو خۆیشی لەسەر قەرەوێڵەکەی دانیشت کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بوو، ئاماژەی بۆ من کرد لە ڕۆخ مێزەکە لەسەر کورسییەک دانیشتم، پەرداخێک وگۆزەیەک دۆی لەسەر مێزەکە دانابوو، من بەسەرسامی و حەیرمانەوە تەماشای دەرو

(*) ئاباژۆر: کڵاوەیەکە دەخرێتە سەر گلۆپ و چرا تا ڕۆشناییەکەی پەرش و بڵاو نەبێت وبەرەو ژێرەوەی ئاراستە بێت. (و)

دیوارم دەکرد و لەبەرە خۆمەوە، وام زەن دەکرد، بەدڵنیاییەوە کەوتوومەتە داوی یەکێک لەو نەخۆشە شێتانەی کە ئەمە ژووری ئەشکە نجەدانی ئەوەو بەرەنگی خۆێنی دروست کردووە تا تاوانەکانی ئاشکرا نەبێت و هیچ کون و دەروازەیەکی بۆ دەرەوە نەبوو کە فریای مرۆڤ بکەوێت! چاوەڕوانی ئەوە بووم کە لە هێکەوە خوترمەیەکم بەتەوقی سەری بکەوێ! یان دەرگاکە دابخرێ و ئەم کەسە بەخۆو بەکێردێک، تەورێک هێرشم بکاتە سەر، بەڵام ئەو بەهەمان شێوازە لەسەر خۆیەکەی پرسی: «ژوورەکەی منت چۆن دێتە بەرچاو! ؟»

– ژوور؟ ببەخشن، من واهەست دەکەم لەنێو کیسەیەکی نایلۆن دانیشتووم...!

ئەو بەبێ ئەوەی بایەخ بەقسەکەی من بدات، دووبارە وتی: «خواردنی من شیرە، تۆش دەیخۆی.. ؟

-- سوپاس، من نانی ئێوارەم خواردووە.

«بەرداخە شیرێک خراپ نییە!»

گۆزەو پەرداخەکەی لەبەردەمی من دانا، ئەگەرچی حەزم لێ نەبوو، بەڵام بتەوێ و نەتەوێ، پەرداخە شیرێکم بەسەر داکرت و خواردمەوە. پاشان خۆیشی شیرەکەی دی لە پەرداخ کرد، زۆر لە سەرە خۆ قومی لێ دەدا و بەزمان دەوری لێوەکانی خۆی دەلێستەوە، لێوەکانی دەبریقانەوە، پێڵووی چاوەکانی بەشێوەکی خەفەتبار داکەتبوون، وەک ئەوەی یادەوەرییەک بەسەر بکاتەوە، ڕوخساری ڕەنگ پەڕیوی گەنجەکە، لووتە کورت و بێگەردەکانی، لێوی گۆشتنی، لە بەردەم ڕۆشنایی سوور، حاڵەتێکی هەوەست بزۆینیان بەخۆوە گرتبوو، نێوچەوانێکی پانی هەبوو کە دەمارێکی شینی ئەستووری تێدا دەبیندرا، پرچە خورماییەکەی هاتبووە سەرشانی، وەک ئەوەی لەگەڵ خۆیدا قسە بکات وتی: «من هیچ وەختێ هاوبەشی کەیف وسەیفی کە



سانی دیکەم نەکردووە، هەمیشە هەستێکی سەخت، یان هەستێکی بەدبەختی، پێشی لەمن گرتووە، دەردی ژیان، گرفتی ژیان، بەڵام لەهەموو ئەو گرفتانە گرنگتر، تێک گیران و شەڕکردنە لەگەڵ خەڵکی، شەڕی کۆمەڵگەی بۆگەن، شەڕی خۆراک و پۆشاک، هەموو ئەوانە هەمیشە بەرایی لە بێدار بوونەوەی ڕاستەقینەی ئێمە دەگرن، سەردەمێک بوو، چوومە ناو ئەوانەوە، ویستم وەک خەڵکانی دیکە ڕەفتار بکەم، تەماشام کرد، گاڵتەم بەخۆم کردووە، ئەوەی کەوا زەن دەکرێت خۆشی و چێژە، هەموویم تاقی کردەوە، بینیم کەیف و سەیفی خەڵکانی تر بەکەڵکی من نایەت، وام هەست دەکرد کە هەمیشە ولە هەموو شوێنێکدا بیانیم و غەریبم و هیچ پێوەندییەکم بەخەڵکانی دیکەوە نەبوو، من نەمدەتوانی خۆم لەگەڵ ژیانی خەڵکانی دی بگونجێنم. هەمیشە بەخۆمم دەوت: ڕۆژێک دێ لەکۆمەڵگا هەڵدێم ولە گوندێک، یان شوێنێک گۆشەگیر دەبم. شوێنێک کە لە ناخی خۆمدا، شوێنێک کە فیکرەکانم تێیدا پەرتوبڵاونەبن... من هەرلەبنەڕەتەوە بەتەمبەڵی خولقاوم، کارو هەوڵدان ئیشی مرۆڤی ناخ بەتاڵە، بەم هۆکارەوە دەیانەوێ ئەو چاڵەیە پڕ بکەنەوەکە لەناو خۆیاندایە، ئیشی کەسانێکی چاوبرسییە کە لەبن پنچکان سەریان دەرکردووە، بەڵام باب و باپیرانی من کە ناخ پەتاڵ و ڕووت وڕەجاڵ بوونە، کارێکی زۆریان کردووە و ڕەنجێکی زۆریان کێشاوە و بیریان کردووەتەوە و بینیویانە ورد و درشتی تەمبەڵییان تێپەڕاندووە. ئەم چاڵەیەی ناو ئەوان پڕببوو، هەموو میراتی تەمبەڵی خۆیان بۆ من بەجێ هێشتووە! من شانازی بەباب و باپیرانم ناکەم، وێڕای ئەمە لەم وڵاتەدا، وەکو شوێنانی دیکە چینەکان بوونیان نییە، هەریەکێک لەو وڵاتانەو دەسەڵاتانە، ئەگەر بەباشی کون وکەلێنەکانیان بپشکنی، دووسێ پشت بەر لەوان، دز، ڕێگر، دەرۆزەکەری دەربار، یان پارەدار بوونە، خۆئەگەر زیاتریش پی لەسەر باب و باپیرانم دابگرم، ئەوە باپیرە گەورەی هەموو کەسێ، دەگاتەوە سەر گوریلا و

شەمپانزە، بەڵام لێرەدا شتێک هەیە، من بۆ کارکردن نە خولقاوم، تەنیا کەسانی تازە پێگەیشتوو لەم ناوەدا دەتوانن بەقسەی خۆیان لە نێو ئەم ژینگەیەدا توانای خۆیان بخەنە ڕوو، کۆمەڵگەیەکیان بەپێی هەوەست و هەڵپەوئارەزووی خۆیان دروست کردووە و لە بچووکترین ئەرکەکانی ژیاندا، دەبێ یاسا بەزۆرەملێ و کۆیلەئاسا وەکو کەبسوول قووت بدەن، ئەم کۆیلەتییەی کەناویان لێناوە کار و هەموو کەسێکیش بۆ مافی ژیانی خۆیان، دەبێ دەرۆزە لەوان بکەن، لەنێو ئەم ژینگەیەدا، تەنیا کۆمەڵە دزێک، گەوج و بێ شەرم ونەخۆش، مافی ژیانیان هەیە، خۆ ئەگەر کەسێک دز و دەروون نزم و کاسە لێس و کوسکێش نەبێ، دەڵێن(شایانی ژیان نییە!) ئەوەدەردانەی کە من هەمە، ئەو بارە مێراتییەی کە لە ژێریدا چەمابوومەوە، ئەوان ناتوانن تێی بگەن! ماندووبوون و هیلاکی باب و باپیرانم لە نێومندا مابووەوە و نوستالیژیای ئەم ڕابردووەم لەخۆمدا هەست پێکرد.

«دەمویست وەکو زیندەوەرانی زستانی، بچمەوە ناو کونێک، لە نێو تاریکی خۆمدا نقووم بم ولە نێو خۆمدا هێز پەیدابکەم، هەروەکو چۆن لە نێو تاریکخانەدا وێنەی سەر ڕووی جام دەردەکەوێ، ئەو شتانەی کە لە نیو ئادەمیزاددا ناسک و شاراوەن، بەهۆی ڕاکەڕاکە و هەراو هۆریاو ڕۆشنای دەخنکێن و دەمرن، تەنیا لە نێو تاریکی و کپیدایە کە بۆ ئادەمیراد دەدرەوشێنەوە، ئەم تاریکییە لە نێو خۆمدا بوو، بێ مەبەست هەوڵم دا ئەوان بەرز بکەمەوە... ئەوداخەی کە هەمە ئەوەیەکە بۆچی بێ ئاگا لە خۆم، بۆماوەیەک پەیڕەوی خەڵکانی دیکەم کرد! ئێستا تێگەیشتم کە پڕ بایەخترین بەش لە مندا، هەمان تاریکی و هەمان بێدەنگی بووە! ئەم تاریکییە لە نێو مۆخی هەموو تەکاندەرێکدا هەیە. تەنیا لە کاتی گۆشەگیری و گەڕانەوە بەرەو خودی خۆمان، ئەوکاتەی. کە لە دنیای دیاردەدا دوور دەکەوینەوە، لامان دەردەکەوێ، بەڵام هەمیشە خەڵکی هەوڵ



دەدەن لە و تاریکییە و گۆشەگیرییەدا ڕاکەن! گوێچکەی خۆیان لە بەرامبەر زەنگی مەرگدا دابخەن، کەسایەتی خۆیان لە نیو داد و بێداد وهەرا و هۆریای ژیاندا بسڕنەوەو لەناو ببەن! وەک سۆفییەکانیش وتەنی، نامەوێ «نووری هەقیقەت لەمندا بدرەوشێتەوە!) بەپێچەوانەوە، لە چاوەڕوانی هاتنی ئەهریمەنم، دەمەوێ بەو جۆرەی کە لە نیو خۆمدا هەم، بێداربیمەوە! من حەزم لە ڕستەی بریقەدارو ناواخن پووچەڵەکانی ڕووناکبیران نییەو ناشمەوێ لە پێناو پێداویستییە چەپەڵەکانی ئەم ژیانەشدا، کەسایەتی خۆم بدۆڕێنم کە بەگوێرەی هەواو ماشای دزان و قاچاغچیان و پارە پەرستانی گەوج و گێل فەراهەم بووە و بەڕێوە چووە.

«تەنیا لە نیو ئەم ژوورەدایە کە دەتوانم لەناو خۆمدا بژیم و هێزو توانام بەلاش و بەخۆڕایی نەڕوات، ئەم تاریکی و ڕووناکییە سوورە، بۆمن پێویستە، ناتوانم لە نێو ژوورێکدا دانیشم کە پەنجەرەی لە پشت سەرەوەبێت، وەک بڵێی بیرۆکەکانم پەرتوبڵاو دەبن! کەیفم بەڕووناکایی نایە، لە بەردەم ڕووناکاییدا هەموو شتێک بەڕەونەق و لووس و ئاسایی دێتە بەرچاو، ترس و تاریکایی، سەروچاوەی جوانناسین، پشیلەیەک بەڕۆژ، ئاژە ڵێکی ئاساییە، بەڵام بەشەولە نێو تاریکاییدا، چاوەکانی دەدرەوشێتەوەو تووکی لەشی دەترووسکێتەوە جووڵانەوەکەی پەنهان و ڕەمزداردەبن، بنەگوڵێک کە بەڕۆژ کزو مەلوولە و تەونی جاڵجاڵۆکە داپیۆشیوە، شەو وەک ئەوە وایەکە چەندان نهێنی لە دەوریدا شەپۆل دەدەن و واتایەکی تایبەتی بەخۆی دەبەخشێت، ڕووناکایی هەموو جووڵێنەرەکان بێدار و ئاگادار دەکاتەوە، لەتاریکایی شەودایە کە هەموو ژیان، هەمووشتێکی ئاسایی، حاڵە تێکی ڕەمز ئاسا بەخۆوە دەگرن، تەواوی ترسە بزربووەکان، بێداردەبنەوە لە تاریکاییدا ئادەمیزاد دەخەوێت، بەڵام دەبیسێت. خودی کەسەکە بێدارە و ژیانی ڕاستەقینەش ئەوکات دەست پێدەکات، ئادمیزاد لە پێداویستییە هیچ و پووچەکانی ژیان بەدوورە و

پێویستی پێیان نییە و بەناو دنیاکانی مەعنەویدا ڕێ دەکات، ئەوشتانەی دێتەوە بیر کە هەرگیز پەی پێ نە بردوون...»

دوای ئەم گوتارە چڕوپڕە، یەکسەر بێدەنگ بوو، وەک ئەوەی مەبەستی لەم هەموو قسەکردنەدا، پاکانە کردن بێت بۆ خۆی! ئایا ئەو کەسە، منداڵی خانەوادەیەکی شەکەت و ماندوو و بێزار لە ژیان بوو، یان نەخۆشییەکی سەیرو غەریبی هەبوو! بەهەر حاڵ وەکو خەڵکی ئاسایی بیری نەدەکردەوە! من نەمدەزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە! سەرو سیمای حاڵەتێکی تایبەتی بەخۆ وەگرتبوو. ئەو هێڵەی کە بەڕۆخ لیوەیەوە تێدەپەڕی قووڵتر و تۆخترببوو، دەمارێکی شین لەنێو چەوانیدا ڕەپ ببوو، وەختێ قسەی دەکرد، لاپەڕی کەپووەکانی وەلەرزە دەکەوتن، ڕەنگ پەڕیوەکەی لەبەردەم ڕۆشنای سووردا، حاڵەتێکی هیلاکی و خەمباری بەسەروسیمای دەبەخشی. لە کەللە سەرێک دەچوو کە لە شەمێ دروستیان کردبێت و ئەو حاڵەتەشی کە لەنێو ئوتومبێلەکەدا بینیبووم وەکو دڕ و پێچەوانە دەهاتە بەرچاو، کاتێ سەری لەبەرەخۆدەنا، بزەخەنەیەکی سەرپێی لەسەر لێوەکانی نەخش دەبوو، پاشان وەک ئەوەی کە لە هیکڕا زەینی دابیتێ کە بەنیگایەکی توند و گاڵتە ئامێز سەیری ناکەم وتی: «تۆ ڕێبواری و ماندووی، من ئەو قسانەم هەمووی لەبارەی خۆمەوە بوو...! هەر کەسێک هەرچی دەیڵێت لەبارەی خۆیەوەیتی، تەنیا ڕاستییەک کە لای هەموو کەسێک هەیە، خودی هەمان کەسە، هەموومان بێ ویستی خۆمان لە مەڕخۆمان قسە دەکەین، هەتا لە بابەتەکانی دەرەوەشدا، هەستەکان و بینینەکانی خۆمان بەزمانی کەسانی دیکە دەگێڕینەوە، گرفتارترین کارەکان ئەوەیەکەوا کەسێک بتوانێت هەقیقەتی خۆی چۆنە، ئاوای بڵێت..» لە وەڵامدانەوەکەی خۆم پەشیمان بوومەوە، چونکە زۆر بێ جێ و ڕێ و بێ مانا بوو. لام دیارنە بوو کەوا دەمەوێ چی بڵێم. گوایە تەنیا مەبەستم خۆ ڕەپێشکردنێکی ناڕاستە و خۆبوو سەبارەت بەمیوانداری کردنەکەی، بەڵام



ئەو بێ ئەوەی هیچ بایەخێک بەقسەکەی من بدات، بەخەمبارییەوە چەند ساتێک تێم ڕاما، دووبارە پێڵووەکانی لێک نا... زمانێکی بەلالێوەکانی داهێنا وەک ئەوەی هەرئاگای لە من نەبێت و لە دنیایەکی دیکەدا گەشت بکات، وتی: «من هەمیشە بەو ئاواتە بووم کە شوێنێکی ڕاحەت، بەهەواو ماشای خۆم ڕێک بخەم، چونکە ئەو ژوورەو شوێنەی کە خەڵکانی دی دروستیان کردبوو، بەکەڵکی من نەدەهاتن! من دەمویست لەناو خۆمدا و لەگەڵ خۆمدابم، بۆئەم کارەش پوول و پارەی خۆم کۆ کردەوە، هاتمە ئەو شوێنە و ئەم ژوورەیەم بەپێی خواست و ئارەزووی خۆم دروست کرد. تەواوی پەردە مەخمەرییەکانم لەگەڵ خۆم هێنا، لە وردو درشتی ئەم ژوورەیەم کۆڵییەوە... تەنیا کڵاوەی گلۆپە سوورەکەم لەبیر کردبوو. دوای ئەوەی نەخشە و ئەندازەکەم ڕێک خست، بڕیارم دا کە لە تاران دروست بکرێت. ئەمڕۆکە پێم گەیشت، ئەگەر ناهیچ حەزناکەم لەو ژوورەی خۆم بچمە دەرەوە، یان تێکەڵی کەس بم، هەتا خۆراکی ڕۆژانەی خۆمم تایبەت کردبوو بەشیر، بۆئەوەی لە هەر حاڵەتێکدابم، بەپاڵکەوتن بێ، یان دانیشتن... بتوانم بەسانایی بیخۆمەوە و پێویستیم بەئامادەکردنی نەبێت، بەڵام بەڵێنم بەخۆم داوە هەر ڕۆژێک کیسەکەم بەتاڵ بوو، یان موحتاجی کەسێک بووم، ئیدی کۆتایی بەژیانی خۆم بهێنم، ئەم شەو، یەکەمین شەوە کە لە ژوورەکەی خۆمدا دەخەوم، من کابرایەکی بەختەوەرم کە بەئاوات و ئارەزووی خۆم گەیشتووم. دیارە بەرجەستەکردنی کابرایەکی بەختەوەر، چەندە گرفتە، من هیچ کاتێک نەمتوانیوە وێنای بکەم، بەڵام ئێستا من کابرایەکی بەختەوەرم!

دووبارە بێ دەنگ بوو، من بۆئەوەی تەوقی ئەو بێ دەنگییە بشکێنم، وتم: «ئەو حاڵەتەی کەتۆ بەدوایدا عەودالی، حاڵەتی ئەو مەلۆتکەیەیە کە لەنێو منداڵدانی دایکیدایە و بێ ڕاکە ڕاکە و پڕکێش پڕکێش و مەراییکردن لە نێوان دیوارە سوور و گەرم و نەرمەکەیدا لێی پاڵ کەوتووە و

لەسەرەخۆ خوینی دایکی دەمژێ و هەموو خواست و پێداویستییەکانی، خۆی لە خۆیدا جێبەجێ دەبێت! ئەمەش هەمان نۆستالیژیای بەهەشتی ونبووە کە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە و ئادەمیزاد خۆی و لە ناخی خۆیدا دەژیت، ڕەنگە ئەمەش جۆرێک لە مەرگی خوازراو و هەڵبژاردە بێت.»

وەک ئەوەی چاوەڕێی ئەوە نەکات کەوا هیچ کەس خۆی لەوقسانەی هەڵقورتێنێ کە لەبەرە خۆیەوە دەیکات، بەگاڵتە جارییەوە تەماشایەکی منی کردو وتی: «تۆ ڕێبوار و ماندووی، فەرموون بخەون!»

چراکەی دەست دایێ و تا بەردالانەکە بەڕێی کردم و ئەو ژوورەی پیشان دام کە یەکەمین جار چوو بووینە ناوی، شەو ڕاشکا بوو من هەناسەیەکی پڕبە سییەکانم لە نیۆ هەوایەکی ئازاددا هەڵمژی ، وەک ئەوەی لە نێو ژێر زەمینێکی تەنگ و ناخۆش هاتبمە دەرەوە، ئەستێرەکان لە بەرزای ئاسماندا دەدرەوشانەوە، لەبەر خۆمەوە وتم! ئایا من لەگەڵ کابرایەکی شێت و ڕاڕاو دوودڵ، یان لەگەڵ کابرایەکی سۆپەرمان و زۆر ئاسایی سەروکارم پەیدا کردووە؟ بۆبەیانی بەرلەنیوەڕۆ بەدوو کاتژمێر بەئاگا هاتم، بۆخواحافیزی لە خانە خۆیەکەم، وەکو کابرایەکی نامەحرەم، هێدی پێم خستبێتە ناو پەرستگایەکی پیرۆز، لەسەرەخۆ چوومە بەردەمی دالانەکە و بەپارێزەوە لە دەرگام دا! دالانەکە تاریک وکش و مات بوو، هێدی هێدی چوومە ناو ژوورە تایبەتییەکەی، چرای سەرمێزەکە داگیرسابوو، بینیم خانە خۆیەکە بەهەمان بێجامە گوڵدارەکەیەوە، دەستەکانی بەسەرو چاوی خۆیەوە گرتبوو، چۆکەکانی خۆی بەرەو لای سنگی وێک هێنابووەوە، بەشێوە و شکلی مەلۆتکەیەکی ناومندالدانی دایکی، لە سەر قەرەوێڵەکەی کەوتبوو، لێی چوومە پێش، شانیم گرت و ڕام تەکاند، بەڵام ئەو بەهەمان حاڵەت لە جێی خۆی سارد ببووەوە! بەترس و هەراسانییەوە لە ژوورەکە



هاتمە دەرەوە و بەرەوگەراج ملی ڕێم گرت، چونکە نەمدەویست ئوتومبێلەکەم لەدەست بچێت.

ئایا خۆی گوتەنی: کیسەکەی بەتاڵ ببوو؟! یان لەوتەنیاییە ترسابوو کە ستایشی دەکرد و حەزی دەکرد شەوی پاشتر بەلای کەمی، کەسێک لە نیزیکیەوە بێت؟ دوای هەموو ئەو حاڵەتانە، ڕەنگە ئەم کەسە، کەسێکی بەختەوەری ڕاستەقینە بووبێت و ویستبێتی ئەم بەختەوەرییە هەمیشە بۆخۆی بپارێزێت و ئەم ژوورەش، ژووری نموونەیی ئەوبێت.!

سەرچاوە

کۆمەڵە چیرۆکی (سک ولگرد)، صادق هدایت، چاپ نهم، ١٣٤٧ هەتاوی، ل١٩١ –٢١١.

# پەلکە پرتەقاڵ

سەمەدی بەهرەنگی

بەڵێ گوناهی من بوو، گوناهی من بوو کەوا ناچار بووم ڕۆژی هەینی لەشارا بمێنمەوە. ڕەنگە هەر گوناهی ژنی قاوەچیش بووبێ کە ژانە زگی گرتبوو، بەڵام نەخێر! نەگوناهی من بوو نەگوناهی ئەو... مەسەلەکەش ئاوا سادە نییە. باشتروایە لەپێشا بەسەرهاتەکەتان بۆ بگێڕمەوە تا بەخۆتان بڵێن گوناهی کێ بوو. لەوانەیە گوناە هەر لە نێوانیشا نەبێت.

نیوەڕۆی ڕۆژی پنج شەممە بوو. لەپێش قاوەخانەکە لەژێر سێبەری دارتووەکە دانیشتبووم، گۆشتاوم دەخوارد تا پاشانیش بچمە سەر شەقامەکەو لەوێشەوە بەئامانە بچمەوە شار.

تازە قوتابخانەکەم داخستبوو، نازانم چەندە زوو(تاهیر) کتێبەکانی بردبۆوە گالیسکەکەی هێنابوو هەرلەێ لەسەر حەوزەکە ئەسپەکەی ئاو دەداو لە گیرفانە هەڵاوساوەکەشی هەرنانی دەردەهێنا و دەیخوارد، قاوەچی گۆشتاوەکەی لەبەر دەمم هەڵگرت و بە(ساحێب عەلی) کوڕی گوت: چایەک و نێرگەڵەیەکم بۆبێنێ، خۆیشی لەتەنیشت منەوە دانیشت و گوتی: کاکەی مامۆستا داوایەکی بچووکم هەیە منیش گوتم: فەرموو کاکە نورش.

(ساحێب عەلی) چایەکەی هێناو چوو نێرگەڵەکە سازبدا، قاوەچی



گوتی: دایکی(ساحێب عەلی) لەشەوێوە تاکو ئێستا یەک ژانی گرتووە حەجمانی نییە، ئاوی شاە ئەسپرمان دایتێ هەر باش نەبووە، نەعناع و زەنجەفیلمان کوڵاندووەو دەرخواردیمان داوە هەر باش نەبووە. داپیرە مەنجوق گوتوویەتی: «ئەگەر پەلکە پرتەقاڵ بکوڵێنن و بیخوا باش دەبێت، بەڵام لەگوندی پەلکە پرتەقاڵ پەیدا نابێ، خۆم دانەیەکم هەبوو چەند ڕۆژ لەمەوبەر نازانم بەکێم داوە، کاکەی مامۆستا ئێستا تۆ هەر دەچیتە شار، ئەوزەحمەتە بدە بەرخۆت، کەمێک پەلکە پرتەقاڵمان لەگەڵ خۆ بۆ بێنە.»

ساحێب عەلی نێرگەڵەکەی هێناو لەبەر دەمی داناو خۆیشی لە نزیک منەوە ڕاوەستا هەتا گوێی لەقسەکانی ئێمە بێ. کاتێ من گوتم: بەچاوان کاک نورش، هەر چۆنێک بێ دەیهێنم!

ساحێب عەلی ئەوەندە کەیفی هات بەڕادەیێ وایدەزانی دایکی بەساغ و سەلامەتی لەسەر پێیان ڕاوەستاوە.

سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە کە لە سەر شەقامدا لە ئامانەکە دابەزیم، پرتەقاڵێکی گەورەم هەبوو لەنێو جانتاکەی دەستم. لەکۆنەوە گوتوویانە: پەلکە پرتەقاڵی کوڵاو بۆ زگ یەشە باشە! بەڵام کامە زگ یەشە!؟

لەسەر شەقامەکەوە تا دەگاتە نێو گوندی، ئەگەر بەخێرایی ڕۆیشتبای، سێ چارەکە سەعات دەبوو، بەپێیان هاتم و گەیشتمە نێو گوندی، لەپێشا سەرێکم لە ماڵی خۆم دا. پرتەقاڵەکەو دووسێ کتێب کە دەرسی قوتابخانە بوون، هەڵم گرتن وهاتمە دەرەوە.

لەبەر دەرگای حەوشە پێشی لێ گرتم و پاش سڵاوکردن گوتی: خوای لێ خۆش بێ.. هەموومان هەر دەڕۆین.!

ئاخ! ساحێب عەلی بێ دایک مایەوە! ساحێب عەلی بچکۆلە، ئێستاکێ بەیانیان نانت بۆ لەناو دەستە سڕبەستێت و لەگەڵ خۆت بهێنیتە قوتابخانە و لە پۆڵ بیخۆیت...... وام هەست دەکرد پرتەقاڵەکەی نێو دەستم بۆتە بەردو هەر قورس دەبوو...... پرسیم کەی؟

خاوەن ماڵ وتی: لەنیوە شەوی پێنچ شەممە! دوێنێ شاردمانەوە دووبارە گەڕامەوە ماڵەوە و پرتەقاڵەکەم لەو دیو کتێبەکانەوە تەقەت کرد، پاشان لەوێم دەرهێناو لەبەینی پێخەفەکەمم پان کردەوە. نەمدەویست وەختێ ساحێب عەلی یاقاوەچی دێنە ماڵی من. پرتەقاڵەکە ببینن.

قاوەخانە دوو سێ ڕۆژان داخرا، پاشان ڕێچکەی خۆی گرتەوە بەر، بەڵام ساحێب عەلی تادە - بیست ڕۆژان هەر ئاگای لەخۆ نەبوو بێ سەر دەسووڕایەوە، وات دەزانی پێکەنینی لە بیرچۆتەوە، یاری نەدەکرد، هەمیشە هەر بیری دەکردەوە، هەرگیز خۆی لەمن نەدەگەیاند.

وات دەزانی ساڵە های ساڵە دوژمنی یەکترین. هەتا کە دەچوومە قاوەخانەش بەزۆری وەڵامی سڵاوی دەدامەوە! قاوەچی لەو ڕەفتارەی ساحێب عەلی نسبەت بەمن خۆی بەشەرمەزار دەزانی و دەیگوت:

لەگەڵ هەمووان ڕەفتاری وایە هەر لەگەڵ تۆدا وانییە کاکەی مامۆستا!

منیش دەمگوت: شتێکی ئاشکرایە منداڵ توانای بەرگە گرتنی نییە!

چەند مانگێکی دەوێ هەتا بەرە بەرە لەبیر بکات، لەو ڕۆژەی کە دایکی ساحێب عەلی ئەمری خوای کردبوو، قاوەچی ماڵ و تفاق و کەل و پەلەکانی کۆکردبۆوەو هێنابوویە قاوەخانەکە و باوک وکوڕ شەوو ڕۆژیان لەوێ بەسەر دەبرد. زۆر جاران نیوە شەوان لەقاوەخانەکە دەگەڕامەوە ماڵەوە. ماوەیەک تێپەڕی، بەڵام ساحێب عەلی نەگەڕایەوە سەر دۆخی جارانی، ڕۆژ بەڕۆژ ڕەفتاری لەگەڵ مندا خراپتر دەبوو. کەمتر گوێی دەدایە دەرس وکەمتر فێر دەبوو. تەنیا لەڕاستەمندا ڕووی خۆشی نیشان نەدەدا، من ئەوەندەی تێ فکریم، نەگەیشتمە هیچ. نەمتوانی تێ بگەم کە ساحێب عەلی بۆ پاشی مردنی دایکی دڵی لە من دەگوشرێ، هەندێ جار لەبەر خۆمەوە دەمگوت: (نەکا ساحێب عەلی وای بۆبچێ کە مردنی دایکی هۆی کەمتەر خەمی من بووبێ!) بەڵام ئەمە بۆ چوونێکی ئەوەندە گەوجانە و نەشیاو بوو کە هەر نەدەبوو بەهەندیش هەڵبگیرێ. لای خۆم وام خەیاڵ



دەکرد کە مردنی دایکی ساحێب عەلی هۆی ڕیخۆڵە کوێرە بووە. کەوا پێویستی بەنەشتەر گەریەکی خێرا هەبووە هەتا بژی. ڕۆژێکیان لە دەرسا تووشی وشەی پرتەقاڵ بووین! من لە قوتابییەکانم پرسی کێ پرتەقاڵی دیوە؟ کەسیان وەڵامیان نەدایەوە، بەڵام کوڕەکەی داپیرە مەنجوق وادیار بوو دەیویست شتێک بڵێ کەچی نەیدەگوت: دیسان پرسیارم کردەوە کێ دەزانی پرتەقاڵ چییە؟

دیسان کەس وەڵامی نەدایەوە، بەڵام کوڕەکەی داپیرە مەنجوق وادیار بوو حەزی دەکرد شتێک بڵێ، کەچی دەمی لێک نەدەبۆوە! من گوتم: «حەیدەر عەلی وابزانم دەتەوێ شتێک بڵێی، ها؟ بابە هەرچت لە دڵدایە دەیەوێ بڵێ! ئێستا هەموویان ڕوویان بۆلای کوڕەکەی داپیرە مەنجوق وەرچەرخاندبوو جگە لە ساحێب عەلی کە ڕاست تەماشای تەختە ڕەشی دەکرد وەکو ئەوەی کە گوێ بەقسەکانی من نادا. لەو کاتەی کە وشەی پرتەقاڵ هاتبووە پێش، ساحێب عەلی کڕ دانیشتبوو! سەیری تەختە ڕەشی دەکرد. کوڕەکەی داپیرە مەنجوق بەکەمێک ترس و ئاگاداریەوە

گوتی: مامۆستا من پرتەقاڵم هەیە، هیچ کەس چاوەڕوانی ئەمەی لە حەیدەر عەلی نەدەکرد! بۆیە هەموو قوتابییەکان دایانە پێکەنین.

(ساحێب عەلی)یش ئاگر لەچاوانی دەباری! یەکسەر بەبێ ویستی خۆی ئاوڕی دایەوە لای کوڕەکەی داپیرە مەنجوق، هەموویان دەیانویست شێوەو شکلی پرتەقاڵەکەی زووتر ببینن. عەلییە درێژ، سورگومترین قوتابی پۆڵ هەڵساوەو گوتی: درۆ دەکات مامۆستا. ئەگەر پرتەقاڵی هەیە بادەری بخات. عەلییە درێژم لە شوێنی خۆی دانیشتاندەوە گوتم: خۆی حەزدەکات نیشانتانی بدات.

لە ڕاستیدا کوڕەکەی داپیرە مەنجوق کتێبی زانیارییەکەی خۆی دەرێنابوو، لاپەڕەکانی لێک دەرکردەوە بەدوای شتێکدا دەگەڕا، بەڵام نەیدەدۆزیەوە و هەر دەشی گوت: ئێستا نیشانتانی دەدەم، لە ناوەڕاستی

ئەو لاپەڕەیەم دانابوو کە وێنەی دڵ و دەمارەکانی تیایە. من کتێبەکەم لە کوڕەکەی داپیرە مەنجوق وەرگرت. ئێستا هەموویان چاویان بڕیبووەدەستی من هەتا (ساحێب عەلی)یش، هەموویان دەیانویست بزانن کە پرتەقاڵ چ دیاریەکی نایابە، من لەوە خۆشحاڵ بووم کە (ساحێب عەلی)م هێدی خستبووە سەر میهرو خۆشەویستی.

بەڵام نەمتوانی تێبگەم کە چ کارێک بووە هۆی سەرنجدانی ساحێب عەلی ئایا تەنیا دەیویست شێوەی پرتەقاڵەکە ببینێ! وێنەی دڵ و دەمارەکانی لەشم لەکتێبەکەی حەیدەر عەلی دۆزیەوە ئەو دوو لاپەڕەیەم بەهەموویان نیشان دا. هەڵبەتە هیچ پرتەقاڵ لە گۆڕێدانەبوو. بەڵام پەڵەیەکی زەرد لەسەر ڕووی هەردوو لاپەڕەی کتێبەکەی دەبینرا.

بەر لەهەموویان ساحێب عەلی هەڵساو سەیری ناوەڕاستی کتێبەکەی کردو پاشان چاوەڕوانی قسەکردنی من بوو، بۆنی پرتەقاڵ لەلای کتێبەکەوە دەهات. ئەم کاتە شتێکم بەیادا هات کەتا ئەو وەختە بەتەواوی فەرامۆشم کردبوو، چەند ڕۆژێک پاش مردنی دایکی ساحێب عەلی، من پرتەقاڵەکەم دابووە داپیرە مەنجوق کەلای خۆی هەڵیگرێت هەتا ئەگەر کەسێک پێویستی پێ بوو، بێت لیێ وەربگرێت.

داپیرە مەنجوق سەرسپی دێیەکە بوو، خەڵکی دەیانگوت هەموو جۆرە داوو دەرمان-ێک دەزانێ و مامانیش دەکات. داپیرە مەنجوق لەگەڵ حەیدەر عەلی کوڕیدا دەژیاو لەدارەتی دنیادا کەسی تری نەبوو لەبەر ئەمە حەیدەر عەلی زۆر خۆش دەویست. (حەیدەر عەلی)یش جگە لە دایە گەورەی کەسی تری نەبوو... لەگوندی هەموومان پێمان دەگوت: کوڕەکەی داپیرە مەنجوق، زۆر کەم ناوی خۆیمان دەهێناو کە هاتەوە یادم من پرتەقاڵەکەم داوەتە داپیرە مەنجوق تێگەیشتم کە پەڵە زەردەکەی نێو کتێبی (حەیدەر عەلی)یش هی پەڵکی هەمان پرتەقاڵە کە داپیرە مەنجوق پێی داوە و ئەویش لە نێو لاپەڕەکانی کتێبی داناوە منیش کاتی خۆی کە



دەچوومە قوتابخانە پەلکە پرتەقاڵم دەخستە نێو لاپەڕەکانی کتێبم هەتا بۆنیان خۆش بێت. کوڕەکەی داپیرە مەنجوق کە دیتی هیچ شت لەنێو کتێبەکەیدا نییە وەکو ئەوەی کە شتێکی بەهاداری ون کردبێت، لە پڕمەی گریانی دا وگوتی: مامۆستا پرتەقاڵەکەمیان بردووە. من یەک یەک سەیری دەم و چاوی قوتابییەکانم کرد. دەبێ کامەیان پرتەقاڵەکەی حەیدەر عەلییان برد بێت؟ عەلییە درێژ-- تاهیر-- ساحێب عەلی... کامەیان؟

کوڕەکەی داپیرە مەنجوقم کڕ کردەوە و گوتم: ئێستا مەگریێ بزانم چیت لێ کردووە، ڕەنگە هەر خۆت بزرت کردبێ... گوتی: نەخێر مامۆستا بەیانی زوو سەیرم کرد لە جێگاکەی خۆی بوو، نیوەڕۆش نەچوویمەوە بۆ ماڵەوە. ڕاستی دەگوت: دایکی تاهیر لەشەوێوە ژانی منداڵ بوونی دەهاتێ و داپیرە مەنجوقیش چوو بووە لای و (حەیدەر عەلی)ش ناچار نیوەڕۆیە هەر لە قوتابخانە مابۆوە.

من گوتم: منداڵینە کێ دەزانێ پرتەقاڵەکەی حەیدەر عەلی لە کوێیە باقسە بکا؟ ئێمە پێویستە درۆ لەگەڵ یەکتری نەکەین. ئێمە هەموومان هاوڕێی یەکترین گوتمان ئێمە درۆ لەگەڵ کەسێک دەکەین کە دوژمنی ئێمە بێ و پشتی پێ نەبەستین.

ساحێب عەلی دوو چاوو دوو گوێی هەبوو! دووانی تریشی بۆ قەرد کردبوون و بە وردی سەیری دەکردو گوێی شل کردبوو. دووبارە گوتم: باشە، دیارە نەزانرا کێ پرتەقاڵەکەی بردووە؟ ماوەیەک کەس دەنگی لێوە نەهات!

پاشان عەلییە درێژ دەستی هەڵبڕی و گوتی: مامۆستا ئێمە هەڵمان گرتووە، بەڵام ئێستاش دڵێ لای من نییە، منیش بەوم داوە! قارەمان لەجێی خۆی هەڵسایەوە و گوتی: مامۆستا ئەگەر ڕاستیت دەوێ نیوەی لای منە.

گوتم ئەدی نیوەکەی تر؟ گوتی: مامۆستا نیوەکەی تریشم بەتاهیر داوە.

قارەمان پارچە پەلکە پرتەقاڵێکی بچووکی لە ناوەڕاستی کتێبی

مـاتماتیک دەرهێنا و لەسـەر مـێـزەکـەی منی دانا. پەلکە پرتەقـاڵ وەکـو تاسولقەی وشکی لێ هاتبوو. هەموویان سەیری مێزەکەی منیان دەکرد.

هەمـوویان دەیانویست پەلکە پرتەقاڵەکە دەست دەنێ و سەیری بکەن و بۆنی بکەن، من دەفتەری نمرەکانم لەسەر پەلکە پرتەقاڵەکە داناو ڕووم کردە تاهیر: ناچار تاهیر هەڵسایەوە گوتی: مامۆستا من نیوەی نیوەکەشم لایە، ئەوی تریشم بەدەلال ئۆغلی داوە، تاهیـر پەلکە پرتەقـاڵێکی زۆر بچـووکی لەناوەڕاسـتی کـتـێـبی زانیـاری دەرهێنا و بەمنی دا بەم جـۆرە پەلکە پرتەقاڵەکە پێنج شەش جار نیوە کرابوو. پارچەیەکی یەکجار بچووک هەر بەقەدەر سەری پەنجە، گەیشتبووە دەستی دواکەس.

لەگـەڵ دۆزینەوەی هەر پارچە پەلکە پرتەقـاڵێک، کـوڕەکـەی داپیـرە مەنجـوق زێتر دەگەڕایەوە سەر دۆخی جارانی. بەڵام ساحێب عـەلی بەبێ ئەوەی کە قسەیەک بکات یاپێکەنێ، بەوردی سەیری پەلکە پرتەقاڵەکەی دەکـردو چاوەڕوانی ئەنجـامی کـاربوو. کـە تەواوی پارچەکـان کـۆکـرانەوە. هەمـوویم خـسـتـە نێـو دەسـتم تابزانم چی لێ بکەم. بەر لە هەمـووشـتێ دەمـویست بەقـوتابییـەکـان بڵـێم کە ئەمە پرتەقاڵ نییـە، بەڵکو پارچەی پەلکەکەیەتی کە وشک بۆتەوە، بەڵام ساحێب عەلی بواری نەدام! یەک پێ هەڵسـاو بەو پەڕی ڕق و تووڕەییەوە بەکۆڵە مستان وەرگەڕایە دەستی من، بەجۆرێک کە پارچە پەلکە پرتەقاڵەکانم هەموو لە دەست کەوتنە خوارەوە هەر پارچەی بۆلایەک چوو. چەند قوتابییەک خۆیان کردە ژێر کورسیـان بۆ دۆزینەوەی، بەڵام هەمـوویان بەقسـەی من هاتنە دەرەوە و بێ دەنگ و کڕ و کپ دانیـشتن. وایان زانی من تووڕە بوومـە! ڕەنگە خـراپ لە یەکـێکیـان بدەم! ساحێب عـەلی چووە جێگای خۆی و دانیشت، لەپرمەی گریانی دا، گریانێک کە خەریک بوو هەموویان بێنێتە گریان!

شەوێ لە قاوەخانەکە مامەوە تا هەموو خەڵکەکە ڕۆیشـتنەوە! تەنیا من و قـاوەچی و سـاحـێب عـەلی نەبێ. دڵنیـا بووم کـە سـەری دەزووەکـەم



دۆزیوەتەوە کـەمـێک بەوردی دەتوانم هەمـوو شـتـێک تێبگەم.. مـەبەسـتم تووڕەیی و ڕووگـرژی سـاحـێب عـەلیـیـە لە من... هەبێ و نەبێ پەیوەندی بەمەسەلەی پرتەقاڵەکەوە هەیە. بەڵام چۆن تا ئێستا نەمزانیوە.

ساحێب عەلی لەسەر سەکۆ دانیشـتبوو سەری بەسەر کتێبەکەوە بوو، گوایە خەریکی دەرس خوێندن و جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی قوتابخانەیە، بەڵام من باش دەمـزانی کـە چاوەڕوانی قـسـە کـردنی منە. وەخـتێ قـاوە خانەکـە چوڵ بوو گـوتم: سـاحێب عـەلی چۆنی؟ وەڵامی نەدایەوە، قـاوەچی گـوتی: کوڕم مـامۆسـتـا لـەگەڵ تۆیەتی. سـاحـێب عـەلی سەری هەڵبـڕی و گـوتی: باشم. گوتم: ساحێب عەلی ئەگەر حەزت لێیە ئەوا ئەم جارەیان کە چوومـەوە شـار پرتەقـاڵت بۆ دەکـڕم و دەیهـێنم..ها..؟ من ئەمـەم گـوت و ویسـتم سـاحـێب عـەلـی بێنمـە قـسـەو هیچ مەبەستی ترم نەبوو، قـاوەچی دیسـان دەیویست قـسـەیەک بکات، بەڵام مـن تکام لێی کـرد کـە هەقی بەسەرئیشی ئێمەوە نەبێت.

سـاحـێب عـەلی هیـچی نەگـوت: من دووبارە گـوتم: سـاحـێب عـەلی پرتەقـاڵەکەت ناوێ؟ ساحێب عەلی لەهیکەوە وەک تۆمـترەقە تەقـییـەوە گـوتی: ئەگـەر ڕاست دەکـەی ئەی بۆچی وەخـتێ دایکم لەگـیـانەڵا دابوو، پرتەقـاڵت بۆ نەهێنا؟ ئەگەر پرتەقاڵەکەت هێنابوایە ئەوا دایکم نەدەمـرد! ساحێب عەلی چی لەدڵی خۆی نەهێشت لە پرمەی گریانی دا.

کـاک نوروش نەیدەزانی چی بکات، کـوڕەکـەی کـرکـاتەوە، یاداوای لێ بوردن لە من بکات و بەری ئەو فـرمـێـسکانە بگرێت کـە چاوەکـانیـانی خنکاندبوون. ئێسـتـا دەبوایە بەشێوەیەک ساحێب عـەلی ڕازی بکەم وتێی بگەیەنم کە پەلکە پرتەقاڵ نەیدەتوانی بەرایی لە مردنی دایکی بگرێتەوە، بەڵام ئەمەش کارێکی تا بڵێی زەحمەت بوو!!

سـەرچاوە: قـصـەهای صـمـد بهـرنگی -متن کـامل- چاپ دوم، انـتـشـارات افراسیاب، ص۲۷۱.

# زەید عەلی خان

خوسرەوی شاهانی

بەبێ هیچ پێشەکی و نیشانەیەکی بەرایی زەید عەلی خان – ی بەڕێوەبەری گشتی (فەرمانگەی هاتووچۆ) نەخۆش کەوت، پزیشکەکان ڕایانگەیاند کەیەکێک لە (گورچیلە) کانی زەید عەلی خان لەکارکەتووە! ئەگەر مشوورێکی نەخوا، ئەوا گورچیلەکەی دیکەشی لەکار دەکەوێ لە ئەنجامدا ناتوانێ وەک پێویست لەسەر پێشاو دانیشێ و...... ئیدی دەمرێ! زەید عەلی خان – ی بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی هاتووچۆ هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە کەڕۆژی لەڕۆژان دەمرێ! لەگەڵ بیستنی ئەم قسانەو ڕاسپاردەی پزیشکانی گشتی و نوژداران، سامگرتی بوو! هەتا پزیشکی تایبەتی خاو خێزانەکەشی خەریک بوو شێت بێ و ببوورێتەوە! چونکە پارەدارێکی وەک زەید عەلی خان، حێل وەکو دەڵێن: ئەگەر دەمەشەنەیەکی لە شاخ دروستکراوت بخستایەتە بەردەم ئاوەڕۆو جۆگاکەی، ئەوا حوکمی بەنداوێکی مکۆمی هەبوو، ئاوەکەی دەگێڕایەوە و نەیدەهێشت دڵۆپێک چییە بچێتە خوارەوە...! بەڵام ئەمجارەیان تیرەکەی ئامانجی نەپێکاو گیری خوارد!

پزیشکانی پسپۆڕو نوژداران، لیژنەیەکی تایبەتیان لەم بارەیەوە پێک



هێنا، لەکۆتایی کۆبوونەوەیاندا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کەنەخۆشییەکەی(زەید عەلی خان) چارەسەرناکرێت! مەگەر لە حاڵەتێکا نەبێت کە یەکێک لەگورچیلەکانی لابدرێ و گورچیلەیەکی دیکەی بخرێتە جێگاو ئێستا وەرەو سەیری کە:

زەید عەلی خان، هەروەک باسمان کرد، پارەیەکی زۆری هەبوو! بەڵام لەجیاتی دوو گورچیلە یەک گورچیلەی هەبوو، واتە گورچیلەیەکی خراپ بوو، کاری نەدەکردو بەکەڵک ئادەمیزادی زیندوو نەدەهات باهەرلەلای پیاوی پارەدار و بەڕێوەبەری گشتی – ش بێت!!

دۆستانی زەید عەلی خان و خاو و خێزانەکەی خڕبوونەوەو بیریان لەچارە سەرییەک دەکردەوە و لە کوێ گورچیلەکی چاک پەیدا بکەن و بیخەنە جێی گورچیلە خراپ بووەکەی، تا زەید عەلی خان بۆ چەند عەیامەکی دیکەش بژیت!

ئەگەرچی زەید عەلی خان ئەم هەموو سامان و سەروەت و سەڵتەنەتەی هەبوو، وێڕای سەرۆکایەتی گشتی فەرمانگەی هاتووچۆ، بەڵام نەیدەتوانی بەئاسوودەیی لەسەر پێیان دانیشێ! ئەم هەموو خەم و پەژارەو دەردە، لەگەڵ ئەو هەموو سامان و سەروەتە، بەڕادەیەک گیری پێ خواردبوو کە خۆشی و چێژی عاشقاتیشی لەبیر چوبۆوە!

ئەندامانی خێزانەکەی و کەس و کارەکانی هەموویان ژیرو بیری خۆیان کردەیەک و بەهەمووان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کەبانگەوازێک لەیەکێ لە ڕۆژنامە بەهەرمێنەکانی ولاتدا بڵاوکەنەوە و تیایدا داوا بکەن کە هەر کەسێ گورچیلەیەکی زیادەی هەیە و پێویستی پێی نییە، ئامادەن لێی بکڕن! بەمجۆرە کارەکەیان ئەنجام دا، ئاگاداریەکیان لەڕۆژنامەیەکی تایبەت بەهەواڵەکان سەبارەت بەڕزگارکردنی گیانی زەید عەلی خان – ی بەڕیوەبەری گشتی فەرمانگەی هاتووچۆ بڵاوکردەوە.

قاوەخانەکەی مەشەدی غولام جمەی دەهات، سەماوەری قاوەخانەکەی لەجۆش سەندندا بوو، مەشەدی غولام، خۆی و تاکە شاگردەکەی چایە و قاوەیان بۆ هاموشۆ کارانی قاوەخانەکە دەهێنا!

هەوا گەرم و گوڕەکەی نێو قاوەخانەکە، هێڵێکی گەرمایی لە نێوان هەوای نێو قاوەخانەکە و هەوای ساردو سڕی دەرەوەدا دروست کردبوو، بەشێوەیەک کەجامی پەنجەرەکانی قاوەخانەکە بەهەڵمێکی چڕوخەست داپۆشرابوون، بەڕادەیەک کە ئەوەی لە دەرەوە بوو کەسی نێو قاوەخانەکەی نەدەبینی، ئەوەی لەژوورەوەش بوو، کەسی دەرەوەی نەدەبینی! دەرگا شکاوە داخراوەکەی قاوەخانە، جیڕەیەکی لێوە هات و کرایەوە، منداڵێکی ڕۆژنامەفرۆش خۆی خزاندە نێو قاوەخانەکەو لە حاڵەتێکدا هەڵمی لەدەم هەڵدەستا، دەستێکی خۆی بەفوو تێکردن گەرم دەکردەوە و بانگی فرۆشتنی ڕۆژنامەکەشی ڕادەگەیاند. کەس لێی نەکڕی، تەنیا (جەواد) نەبێت کە گەنجێکی بێکارە بوو، ئەویش کە دڵی بەو منداڵە ڕۆژنامە فرۆشە سووتابوو، بەزەحمەت دە ڕیاڵیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و دایە دەست منداڵە ڕۆژنامەفرۆشەکە و ڕۆژنامەیەکی لێ وەرگرت. مانشێت و سەرەبابەتەکانی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەی بەسەر کردەوە: لەئەنجامی ئەو لافاوەی کە لە... هەڵساوە (٣٠٠) کەس گیانی خۆیان لەدەست داوە، لە ئەنجامی خۆلێکدانی ئۆتومبیلێکی گواستنەوە و تانکەرێکی نەوت کێشدا لەڕێگای (ئەهواز- تاران)دا (١٥) کەس گیانیان لەدەست داو (٢٧) کەسیش برینداربوو. ژنێک... کەبەهاوکاری دۆستەکەی، مێردەکەی خۆی کوشتبوو لاشەکەی سووتاندبوو، بە لە داردان مەحکوم کرا...

بەزووترین کات (١٠) هەزار تۆن مریشکی چاک کراوە (٢٠) هەزار تۆن گۆشتی (گا)ی چاککراو لەئوسترالیاوە دێت... ئالەم جۆرە هەواڵانەو... هتد



لاپەڕەی ڕۆژنامەکەی هەڵدایەوەو لەلاپەڕە (١٦)دا چاوی بەم سەرباسە درشت نووسراوە کەوت:

(کڕیاری گورچیلە)

کابرایەک لەسەر مردنە و هەرکەسێک گورچیلەیەکی زێدەی هەیە و پێویستی پێی نییە دەتوانێ سەردانی ژووری ژمارە(٣٧٠)ی نەخۆشخانەی(١٠٠) هەزار قەرەوێلەیی بکات و بەنرخێکی چاک گورچیلەکەی لێ دەکڕین!

جەواد بەم هەواڵە دڵ خۆش بوو، لەبەر خۆیەوە چەند تاوێک بیری کردەوە و وتی: من کەهیچم نییە! ئیدی بۆچی دەبێ دوو(گورچیلە)م هەبێ!؟ لەکاتێکدا بەیەک گورچیلەش دەتوانم بژیم! ڕۆژنامەکەی لوول داو بەبێ ئەوەی بەکەس نیشان بدات و کەسیش لەم هەواڵە ئاگادار بکاتەوە، هێدی ڕۆژنامەکەی خزاندە گیرفانی و پارەی چایەکەی خۆی داو لەقاوەخانەکە هاتەدەرەوە، هەرلەو شوێنەی کە هەموو شەو لێی دەخەوت، شەوەکەی بردە سەرو بەیانی زوو خۆی گەیاندە نەخۆشخانەی (١٠٠) هەزار قەرەوێلەیی و ناونیشانی ژووری (٣٧٠)ی لەدەرگەوانەکە وەرگرت.

لەسەرەتاوە ڕێگایان نەدا بچێتە ژوورەوە، بەڵام کە بینیان نەخۆش نییە، ڕێیان پێدا بچێتە نێو نەخۆشخانەکە بەپرسیاران لە نهۆمی (٤٩)ی نەخۆشخانەکەدا ژووری (٣٧٠)ی دۆزیەوەو ئامادەیی خۆی بەکەس و کاری زەید عەلی خان ڕاگەیاند سەبارەت بەفرۆشتنی یەکێک لە گورچیلەکانی!! کوڕ و کچ و زاوا و بووک و برازا و خوارزا و باقی کەس و کارەکانی دیکەی زەید عەلی خان لەدەوری(جەواد) خڕبوونەوە، پزیشکی نۆژداریان ئاگادار کردەوە کە نزیکەی سەعاتێکە(جەواد مەرو) لەسەر قەرەوێلەی تایبەت لەژووری عەمەلیاتدا خەوتووە!

زیاتر لە هەفتەیەکی خایاند تا جێگای نۆژدارییەکەی چاک بۆوە،

جەواد(٤) هەزار تومان – ی لەخزم و کەسەکانی زەید عەلی خان وەرگرت و لە نەخۆشخانە دەرچوو.

پاش چوار مانگ جەواد جارێکی دیکە سەردانی هەمان نەخوشخانەی(١٠٠) هەزار قەروێلەیی کردەوە!

هەروەک جاری یەکەم ڕێگەیان پێ نەدا بچێتە ژوورەوە، بەڵام کەمەسەلەکەی تێگەیاندن و وتی:

ئیشم بەجەنابی زەید عەلی خان – ی بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی هاتووچۆ هەیە؟ پێیان وت: چ ئیشێکت پێی هەیە؟ وتی ئیشم بەجەنابی خۆیانەوە هەیە!!

وەڵامیان دایەوەکە جەنابی لەمێژە لەنەخۆشخانە دەرچووە، بەڵام ئەگەر هەر ئیشێک، کارێکت هەیە فەرموو بیلێ، ئێمە بەجەنابی ڕادەگەیەنین؟!

جەواد، بیرێکی کردەوەو لاشانێکی هەڵتەکاندو بەکەمتەرخەمییەوە وتی نەخێر.. ئیشێکی وام بەجەنابیانەوە نەبوو!! تەنیا دەمویست پێی بڵێم کە گورچیلەیەکی دیکەشم هەیە بۆ فرۆشتن!!

سەرچاوە: کۆمەڵە چیرۆکی(تفنگ بادی) نووسینی خسرۆ شاهانی، چاپ اول، زمستان/ ١٣٦٣ ص ١٠٣ -- ١٠٧.

# مەراق كردن

خـوسرەوی شـاهانی

وابزانم هەستی مەراق کردن لە هەمووتاندا هەیە، ئەگەر بڵێن نییە، ڕاست ناکەن، هەمووتان دەتانەوێ بزانن ئەوەی قسەتان لەگەڵ دەکا کێیە؟ چ کارەیە؟ لە کوێ دەژی؟ ماڵی لە کوێیە؟ کاروباری ماڵەوەی چۆنە؟ ئەگەر پیاوە ئایا ژنی هێناوە؟ ئەگەر ئافرەتە، ئایا شووی کردووە؟ چەند منداڵی هەیە؟ منداڵەکانی چۆنن؟ بۆ قوتابخانە دەچن، ناچن؟ چۆن بیر دەکەنەوە...؟

کاتێ زەنگی تەلەفۆن لێدەدا، پیاو لە خۆیەوە بەشەوق و زەوقێکی سەیرەوە تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێ و بەگوێی خۆی وەدەنووسێنێ، ڕەنگە سەد بیری بۆ بێت، کێیە تەلەفۆن دەکا؟ ئافرەتە، پیاوە، یەکێک لە دۆستانە، بەهەڵە ژمارەکە لێدراوە چ ئیشی هەیەو.. تاد. تالە کۆتاییدا دەنگی ئاخێوەرەکە دەگاتە گوێچکەی و پیاو بۆ تاوێک ئاسوودە دەبێت، کەس نەبوو، فلان بوو، ژمارەی تەلەفۆنی فلانی دەویست، بەڵام ئاخێوەرەکە نەناسرا یان کەسێکی دەوێ بەتەلەفۆن ڕابوێرێت! ئەگەرچی دەشزانی مەبەستی ئازاردانە، کەچی لە هەمان کاتدا پیاو حەز دەکا بزانێ کەئاخێوەرەکە کێیە؟ چ کارەیە، لە کوێوە تەلەفۆن دەکا؟ شکل و شێوەی



چۆنە؟ بۆچی لە نێوان هەزاران تەلەفۆندا ژمارەی تەلەفۆنی منی لێداوە!! مەبەستی چییە؟

... شتێک ون دەکەین، ئەم شتە چۆن بوو؟ بۆ کوێ چوو؟ ئێستا لە چ حاڵەتێکدایە؟ لەنێو دەستی کێ دایە؟ بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم شتە ون بووە، بیرکردنەوەمان بەخۆیەوە خەریک دەکات، بەبێ ئەوەی لەم ڕێیەوە هیچ سوودێکمان

پێبگات، ماوەیەکی زۆر ئەم هەستە بوونی منی وەک مۆرانە دەخوارد کە ئەو خەڵکەی بەکۆڵان و جاداندا دەڕۆن، چییان لە گیرفانیدایە؟ هەستی مەراق کردنەو هیچیشی لەگەڵ ناکرێت، نە فەرمان پێدراوم و نە پشکنەرو نە ئەوەی کە ئەگەر بزانم چی لە نێو گیرفانی ئەو هەموو خەڵکە دایە کە بەڕۆژ دەیانبینم، گرێیەک لە گرێیەکانی ژیانم دەکاتەوە، بەڵام نازانم ئەم بیرۆکەیە بۆچی لە مندا سەری هەڵداوە، بەمن چی کە بزانم چی لە نێو گیرفانی ئەو کابرا کورتەک و شەڵوار لەبەرە دایە، یان دەبێ ئەو شتانە چی بن کە لە گیرفانی ئەو شەربەت فرۆشە دایە... بەڵام کاتێ فیکرەو مەراقێک لەنێو بوونی ئادەمیزاددا ڕەگی داکوتا، هەر بەرەو ئەو شوێنەی دەکێشێ کە ئەو دەیەوێ، ئێستا ئێوە خۆتان لە جێی بەندە دابنێن و ڕێی دەرباز بوون لەدەست ئەم مۆرانەیە بدۆزنەوە کە کەوتۆتە گیانتانەوە؟! بەهەر کەسێ بڵێم کاکە، خوشکە، دایە... من دەمەوێ بزانم چیت لە گیرفانەکاندایە چ کاردانەوەیەک نیشان دەدات؟ بەئەدەبترین وەڵامێک کە پێمی بدەنەوە ئەوەیە کە.. بۆچی کابرا.. ؟دارۆغەی گەڕەکی؟ پشکنەری مۆڵەتی دادوەریت هەیە؟ خۆ ئەگەر تووڕە نەبێ و دارکاریم نەکات ئەوە پیاوەتییەکی زۆری کردووە!

خودایە چی بکەم! ئەم هەستە نەفرەتییەی مەراق کردنە چۆن ڕازی بکەم و وەلای بنێم، بەڵام نەخێر من ئەو پیاوەنیم، بتوانم خۆم لە چنگی

بیرۆکەکانم ڕزگار بکەم، لەکۆتاییدادەبێ گیرفانی یەکێک هەر بگەڕێم، هەرچی دەبێ بابێ.

بەچەند کەسێکم وت و تکام لە چەند کەسێک کرد... هەندێکیان تیواو تیو سەیریان کردو هەندێکیشیان بەهەردوو دەستان گیرفانەکانی خۆیان گرت و بێ وەڵام دانەوە تێپەڕین و هەندێکیشیان وەڵامی قەپۆزشکێنانەو خراپیان دامەوەو هەندێکیشیان وەک عاقڵێک چۆن تەماشای گێلێک دەکات، ئاوا تەماشایان کردم و تێپەڕین... بەڵام ئەمانە هیچیان نەدەبوونە ئەو هۆکارەی کە من واز لەو بیرۆکەیە بێنم، کە هەیتم، دەبووایە گیرفانی کەسێک هەر بپشکنم، ئەو کەسەش هەرکێ دەبێت لای من گرنگ نییە، ئاخیری پیاوێکم دۆزییەوە، سەربردەی خۆمم بۆ گێڕایەوەو دەردی خۆمم پێ وت، دڵنیاشم کردەوە کە جگە لە ڕازیکردنی ئەو هەستە نەفرەتییەی مەراق کردن مەبەستێکی دیکەم نییە، خۆت والاکە بزانم چیت لە گیرفانەکاندایە؟

کاتێ کابرا دڵنیا بوو، لە دەردی بێ دەرمانی من گەیشت، ڕازی بوو، وەکو منداڵێک لە ڕۆخ جادە لەبەرامبەرم دانیشت و بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە گیرفانەکانی خۆی لەبەر دەستی نام.

ئەو گیرفانە چی تێدایە؟

...کابرا دەستی دە گیرفانی لای ڕاستی چاکەتەکەی ناو هەرچی هاتە ناو دەستی دەری هێنا، دەسرۆکەیەکەی تەنکی سپی چڵکن و گرمۆڵەکراو، هەشت قڕان پارەی خوردە، پێنج ڕیاڵییەک و یەک دوو ڕیاڵ لەگەڵ یەک ڕیاڵییەک، شقارتەیەکی باشی تەورێزی کە نیوەی بەکار هاتبوو، تڵیشەی هەردوو لاقەپێلکی شقارتەکە لێکرابووەوە بۆ خاوێن کردنەوەی بن ددان.

– ئیدی نییە؟

+ نەخێر..

– ئەو گیرفانە چی تێدایە؟



دیسان دەستی چەپی کابرا چووە ناو گیرفانەکەی، تەزبیحێکی لە درەختی یوسر چێکراو، بلیتێکی ئۆتۆبووس، پاکەتێکی جگەرەی شنۆکە شەش حەوت دانەی لێ بەکار هاتبوو، دەنکە شقارتەیەکی ساغ، ڕاچێتەیەکی پزیشک کە هی حەفتەیەک پێشتر بوو، دەنکە حەبێکی ئەسپرین.

– ئیدی نییە؟

+ نەخێر.

ئەدی ئەو گیرفانەی سەرەوەت چی تێدایە؟

... کابرا دوو پەنجەی بردە ناو گیرفانە بچووکەکەی سەر بەرکی چاکەتەکەی، کە هێنایە دەرەوە، وێنەیەکی(٤×٦سم)ی خۆی دەرهێنا لەگەڵ وێنەی کچ و کوڕێکی تەمەن(٤-٥) ساڵە کە دەستیان لە ملی یەکدی کردبوو، هەروەها پارچە کاغەزێکی بچووک کە چەند ژمارەیەک و چەند ژمارەیەکی وەک یاداشتێک بەم جۆرەی لەسەر نووسرابوو، حەسەن ئاغا (٤٠٠) مەحموود (٢٥٠)، کرێی دوو مانگی خانوو (١٤٠٠)، ماڵەوە (٩٠٠) و... تاد.

– ئیدی نییە؟

+ نەخێر.

– ئەدی ئەو گیرفانە چی تێدایە؟

کابرا دەستی بردە ناو گیرفانی لای ڕاستی شەڵوارەکەی.

+ هیچ.

– هیچی تێدانییە؟

+نەخێر...ئەگەر هەبووایە ئەوەدەرم دەهێنا.

– ئەدی ئەوەیان؟

کابراکە بەتەواوی خۆی بەدەستەوە دابوو، ناچار دەستەکەی دیکەشی بردە ناو گیرفانی لای ڕاستی!

+ تەنیا زەرفی کاغەزێکە کە هی(کاک حوسێن)ەو دەبێ پێی بگەیەنم.

– بیهێنە دەرەوە.

نامەکە لە سەبزەوارەوە بوو، لەسەر پشتی زەرفەکە ناونیشانی ماڵی کابرایەک نووسرابوو، بەگوێرەی ڕاسپاردەی نووسەری نامەکە دەبوایە ئەو زەحمەتەی بکێشایەو نامەکەی بگەیاندبایە دەست کاک حوسێن.

– ئێستا بزانە نێو گیرفانی بن هەنگڵی چاکەتەکەت چی تێدایە؟

..کابرا لە گیرفانی بن هەنگڵی لای ڕاستی چاکەتەکەی جیزدانێکی لاستیکی ڕەنگ زەردو چڵکنی پیاوانەی دەرهێنا.

– هەر ئەو جیزدانەیە؟

+ چی تێدایە؟

– وەرە تەماشای بکە،

... جیزدانەکەی بۆلای من درێژکرد، وەرم گرت، ناسنامەیەکی بێ بەرگ و بێ وێنە کە بەر لە(٤٦)ساڵ لە سەبزەوار دەرچوو بوو، لە چەند شوێنێکیدا جێی مۆری بیتاقەی قەندو شەکرو مۆری تایبەتی بیتاقەی خۆراک و نانی سەردەمی جەنگی بەمەرەکەبێکی مۆر دەکەوتە بەرچاو.

هەروەها کاغەزێکی ڕەنگ ڕۆیشتوو کە بەناوی خۆی بوو، هی دوو ساڵ لەمەو پێش بوو هەروەها پارچە ڕۆژنامەیەکی تایبەت بەهەواڵی کۆڕی ماتەمینی کابرایەک کە ناوەکەیم لە بیر نەماوەو دوو دانە پوولی یەک ڕیاڵی بەکار نەهاتووی تێدابوو

–ئەدی ئەو گیرفانەت؟

...کابرا ئەم جاریان بەئاگادارییەوە دەستی خۆی بردە ناو گیرفانەکەی دیکەی بن باغەڵی چاکەتەکەی و چاوی لە چاوەکانم بڕی، ڕاڕا بوو...حەزی دەکرد دەستی لە گیرفانەکەی بێنێتە دەرەوە.



+ بۆچی ڕاڕای! گومانت هەیە؟

– هیچ شتێک نییە ڕاسپاردە نامەیەکە.

+ دا ببینم.

– ئاخر...

+ بیدە بیزانم... چی تێدا نووسراوە؟

– ئاخر

+ دیسان دەڵێی ئاخر... باشە ئەوەیان حەتمەن کەسێک بۆی...

... کابرا زەرفەکەی لە گیرفانی بن باغەڵی دەرهێنا، سەری زەرفەکە دانەخرابوو... لەسەری نووسرابوو:

بەڕێز وەزارەتی کار، بەرێز جەنابی فلان... بەرێز سەرۆکی نووسینگەی وەزارەتی کار... بۆ تێڕوانین بفەرموون، نامەکەم لەناو زەرفەکە دەرهێنا کەنزیکەی بۆ مانگێک لەمەوبەر دەگەڕایەوەو بەدەستخەتێکی خوارو خێچ، کابرایەک کە من نایناسم، نامەکەی بۆ بەرێز سەرۆکی نووسینگەی وەزارەتی کار نووسیبوو.

دوای سڵاوو خۆشەویستی دێرینمان، هەڵگری نامە کابرایەکی موستەحەقە، خێزانداره، ماوەیەکە بێ ئیشە، لەگەڵ ئەو سینگ فراوانیەی کە لە جەنابت ڕادەبینم و بڕوایەکی تەواوم بەدڵپاکی و مرۆڤدۆستی جەنابت هەیە، ئومێدەوارم کارێک بۆ هەڵگری نامە بدۆزنەوەو منداڵەکانیشی لە شەوی جەژندا دڵخۆش بکەن، هەرچی دەفەرموون لە خزمەتدام.

قوربانت...

... بەزەحمەت سەرم لەسەر نووسینی نامەکە هەڵگرت و تەماشایەکی چاوە پڕ لەچاوڕوانیەکانی کابرام کرد:

- باشه نامەکەت بردووە؟

+ بەڵێ.

- چییان پێ وتی؟

+وتیان برۆ، دوای دوو مانگی دی وەرەوە!

- هەردوو لاسەرم ژانیان کرد، خەیاڵم کەمێک ڕاحەت بوو، هەستی مەراق کردنەکەشم کپ بوو.

سەرچاوە: کۆمەڵە چیرۆکی (تفنگ بادی، خسرو شاهانی، چاپ اول، زمستان/١٣٦٢، ص١٢١--١٢٧.

# چیرۆکێکی بێ ناو

فەریدە خیرەتمەند

کاتژمیر هەشت و نیوی سەر لەبەیانییە، لەپشت مێزەکەم دانیشتووم، پەڕەکاغەزی سپی ختووکەم دەدات، دەستم بەنووسینی چیرۆکێک کردووە، هێشتا ناوی نییە! دەنووسم.. ڕەشی دەکەمەوە... لەکۆتایی ڕستەیەکدا وەستاوم، دوو دڵی من و ڕستەکەی پێکەوە گرتووە!

ڕەشی دەکەمەوە، دووبارە دەینووسمەوە! ڕستە بەناتەواوی لەدەست دەردەچێت، نەخێر نایگۆڕم، دەبێ کۆتایی هەرپێ بێنم! باش وڕوگێژ بوویمە، حەز لەدەست پێکردنی ڕستە دەکەم. چەند جار بەدەنگی بەرز دەیانخوێنمەوە..

(لەنێو دەنگەکەیدا تکایەک هەبوو) وەک بڵێی ڕستە سوور بێت لەسەر ئەوەی کەکۆتایی نەیەت! زەنگی تەلەفۆن لێ دەدا، دەچم تەلەفۆنەکە هەڵدەگرم، بەڵێ؟ کابرایەک لەسەرە خۆ دەڵێ: دەتوانم قسەت لەگەڵ بکەم؟! دەنگەکە ناناسم...تۆ..؟!

کابرایەکی وەک تۆ..(ئەو ڕستەیەی دێتە مێشکم، یەکسەر بەزمان دەیدرکێنم) بەڵام بێ ئیش؟ تەلەفۆنەکە دادەنێم، بەرەو مێزی ئیش کردنەکەم دەگەڕێمەوە، کەهەمان مێزی نان خواردنەکەمانە! هاوسەرەکەم



ناوی لەو مێزە ناوە، مێزی کتێب خواردن!!

چونکە دەفتەر و کتێب و پەڕەکاغەزێکی زۆری لەسەر کۆبۆتەوە! ڕستەکە دەهێنم و دەبەم.. جارێک... دووجار... سێ جار...ڕستەکە بەرەنگاری نیشان دەداو منیش بێ شەرمانە.. سەرەنجام هەڵدەستم و دەچمە چێشتخانەی ماڵەوە(مەتبەخ)، چایەکی یەک ڕەنگ دەخۆمەوە بەو ئومێدەی کە کۆتاییەک بۆڕستەکە بدۆزمەوە، لەپشت پەنجەرەکە ڕادەوەستم، دەستم بەجامی پەنجەرەکە دادێنم، هەڵم وتەمەکەی سەری لادەچێت، شەقامەکە دەبینم، بارانێکی بەخوڕ دەبارێ، سەید جەواد لەسەر پیکابە بچووکە زەردەکەی، سەوزەواتی تەڕو تازە دێنێتە خوارەوە، لەگەڵ خۆم بیر دەکەمەوە کە بۆچی(فروغ) حەزی دەکرد قژی کچی سەید جەواد ڕابکێشی؟ وەڵامێک نادۆزمەوە! چەند بەشێکی شیعرەکەم لەبیر چووە، ناوی شیعرەکەشم نایەتەوە بیر! بەئیستکانی چایەوە بەرەو ژوور دەگەڕێمەوە، لەپشت مێزەکە دادەنیشم، وشەکان، لەسەر لاپەڕە سپییەکان دەم چەفتی دەکەن!

– ناتوانی کۆتاییەک بدۆزیتەوە؟ دەتوانم، ناتوانی، وتم، دەتوانم..

ئیدی تەماشایان ناکەم، سەرم بەرز دەکەمەوە، چاوم بەچوارچێوەی گەورەی پەنجەرە دەکەوێت، پاییز، ئەم ساڵ هەرای ناوەتەوە، چاو دەبڕمە گەڵا چەسپیوەکان، یادی بەخێر چەند ساڵێک لەمەوبەر پیرەباب، لەتەنیشت دیوارە لەبغ کراوەکە، دووشتلی چاندن، ئەوەی لای ڕاست زوو وشک بوو، باوکم دەیوت: ڕەگ و ڕیشەی لەبەرد گیربووە، بەڵام شتڵەکەی لای چەپ، ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبوو و ئێستا هەموو لادیوارەکەی داپۆشیوە.

قەلەڕەشێک دێت و بەقغەقغ لەسەر پیرە دار کاژەکە هەڵدەنیشێت، لەشە قەبەکەی لەگەڵ دەنگەکەیدا ئاوکوفە، بەرەو پەنجەرەکە دەکشێم،

بەیادی یەکێک لە ڕۆژەکان بەسەر دیواری هەڵدەگەڕێم و(خورمالوو)(*) لێ دەکەمەوە، وەک هەموو ساڵێک لەو کاتیدا برازاکانم بەحەسرەتەوە لەپەنجەرەی نهۆمی سێیەمەوە، پلکی خۆیان دەدیت کەوەک منداڵان بەسەر دیواری هەڵگەڕایەو (خورمالوو)ی گەییو لێ دەکاتەوە،- واباشە لەیاد نەکەم ئەم ساڵ چەند دانەیەک لەگەییوەکان بۆ چۆلەکە برسییەکان بەجێ بهێڵم. حەزم لەسەردەمی منداڵێتیمە، غاردانەی سەر ڕۆخی دیوار، قەپ گرتن لەعەسیری دراوسێ و خوار ڕۆیشتن و قژ ڕاکێشانی کچەکەی سەید جەواد.. منداڵانە پێدەکەنم، بەهەمان ئەو ساڵانەی کە فرمێسکەکانی تیا حەقیقییەو تووڕە بوونەکانیشی تیاجددی!

هەمان ئەو ساڵانەی واهەست دەکەیت کەژیان شتێکی کەمی هەیە، بەدوایدا دەگەڕێیت، واتێدەگەیت کەعەوداڵی شتێک بوویت کەناوت نەدەزانی! چەند ساڵ بەدوای هەمان وشەدا دەگەڕێیت. باوکیشم هەر بەدوایدا دەگەڕا، ئەگەرنا، ئەو تەمەنی خۆی لەنێو ڕاڕەوەکانی دادگەدا بەسەر نەدەبرد، فریشتەیەکی مەڕمەڕی دەبینم کە ڕاوەستاوە تەرازوویەکی لەنێو دەستدایە، لەگەڵ دەنگی تەلەفۆن لەیادەوەرییەکانم دادەبڕێم!(بەڵێ) یەکان هەمان دەنگن، تۆ دواکەسیت کە گوێت لەدەنگم دەبێت. دوو دڵ وبێ دەنگم.. تکایە.. تەلەفۆنەکە دادەنێم، بەڵام یەکسەر پەشیمان دەبمەوە! لەناوەڕاستی ژوورەوە ڕوولە پەنجەرە وەستاوم، بەڕاست، چ قسەیەکی هەبوو؟ منی دەناسی، یان نەء؟! ئازار لێناگەڕێ ویژدانم ڕاحەت بێت، بەڵام دەنگەکە ناسیاو نەبوو، نەناسیاوێک.. ناسیاوێک.. جیاوازییان چییە؟ نازانم! چاوم دەبڕمەوە مێزەکەو دەکەومەوە خەیاڵی ڕستە ناتەواوەکەم. بەرەو مێزەکە دەچم، خۆم بەوە ڕازی دەکەم کە مەبەستی گاڵتەجاڕی بوو. دادەنیشم و ڕستەکە دەخوێنمەوە:

(لەدەنگەکەیدا تکایەک هەبوو کە...) بەبڕوای خۆم وشەکان میهرەبان



بووینە..ئیدی سەرپێچی ناکەن، وەک بڵێی چاوەڕوانی کۆتایی هاتن بن. هەوڵ دەدەم ڕستەیەکی میهرەبانتر بدۆزمەوە، دیسان دەنگی تەلەفۆنەکە، کەش و هەوای بێدەنگی وەدەنگ دێنێ! لەسەر کورسییەکەم ڕادەپەڕم، ساتمەیەک دەکەم! بەلنگە قوتێ خۆم ڕاست دەکەمەوە، حەتمەن هەمان دەنگەکەی پێشووە، بەڵام هێشتا هیچ ڕووی نەداوە، بەڵێ؟ سڵاو، دەنگی دیاری هاوسەرەکەم دەناسم(سڵاو- تکایە مێزی کتێب خواردن ڕێک و پێک بخە، میوانمان هەیە...)

بەم جۆرە منیش خەریکی کۆکردنەوەی کتێب و پەڕە کاغەزەکان دەبم، بەڵام هەمیشە بیر لەڕستە تەواو نەبووەکەی نێو چیرۆکەکەم دەکەمەوە!!

* خورمالوو: میوەیەکە لەوێنەی تەماتە، پەلکێکی ناسک و سووری هەیە، تامەکەی لەسەرەتاوە تفت و تاڵە کەگەیی شیرین دەبێت، بەرەکەی لەکۆتایی پاییزان پێدەگات دارەکەی وەک دار سێو وایە کە پەلک و گەڵای درشت و سەوزێکی جوانە(فرهنگ عمید - تالیف/حسن عمید، چاپی دەیەم)

سەرچاوە: گۆڤاری دنیای سخن، ژمارە(٧٢) ساڵی ١٣٧٥هەتاوی.

# فڕۆفێڵی سیاسی

یووسف ئیعتیسام ئەلمولک

کۆمەڵە خەڵکێک لە ژووری چاوەڕوانی دانیشتوون. لەنێویاندا یەکێکی لاواز، پشت کۆماوە، مووگروازەی خرکەڵە دەبینرا کە ڕوخسارێکی پەرێشان و سیس هەڵگەڕاوی هەبوو، وەک ئەوە وابوو کەلە مەیدانی شەڕو پێکداداندا هەڵاتبێت!

خزمەتکار هاتە ژوورەوە، وتی: «جەنابی (ئاشتی) بفەرموون نۆرەی ئێوەیە.»

ناوبراو هەڵساو چووە ژوورەوە و لەسەر کورسییەک لە بەرانبەر پزیشک ڕوونیشت.

پزیشک بەچاوتێبڕین و وردبوونەوەو پشکنینەوە، تەماشایەکی کردو لێی پرسی: «چیتە؟»

نەخۆشەکە چەند جاران سەری لەقاندو وتی: «حاڵم باش نییە، خەونی جرناو فرِنا دەبینم، هەموو چرکەیەک وەک ئەوە وایە کەسێک بانگم دەکاو بەهەموو هێزییەوە هاوار دەکا: «ئاشتی! ئاشتی! لەکوێی؟ئێمە تامەزرۆی بینینی تۆین!» لەگەڵ بیستنی ئەم دەنگەدا، دەمارەکانم دەلەرزن، دەڵێم:

– کێ ئیشی بەمنە؟



چەندان دەنگ پێکەوە وەڵام دەدەنەوە:

-- ئێمە هەموومان دەمانەوێ بەتۆ بگەین، زوو وەرەو دوامەکەوە!

لەو کاتەدا دەبینین کەسانی جۆراوجۆر، بەبەژن وبالآی جیاجیا، وەک بڵێی پێشتر ئەوانم ناسیبێ، دێنە ژوورەکەی من،دەپرسم:

– ئێوەکێن؟

لەو پرسیارەی من، ڕەنگ و ڕوویان دەگۆڕێ، وەڵام دەدەنەوە:

-- من سربیام، من نەمسام، من ئەڵمانیام، من بولگاریام، من یۆنانم، ئینگلتەرام، من فەرەنسام، دەوڵەتی عوسمانیم، من ئیتالیام!

منیش قسەکانیان پێ دەبڕم و دووبارە دەپرسمەوە:

-- زۆر باشە چیتان لەمن دەوێ؟

-- تەنیا تۆمان دەوێ.

-- من ئامادەم، فەرموون، مەبەستتان چییە؟

هەموو بەدەم تەماشاکردنەوە، هاوار دەکەن:

لەکوێی؟ تۆنابینین!

-- ئالێرەدا، لەلای ئێوە ڕاوەستاوم.

هەموویان لەگەڵ یەکدی بەئاماژەکردن و بەچاو و برۆو جوولانەوەی تایبەت قسە دەکەن و دیسان هاوار دەکەنەوە:

-- ئاشتی! ئاشتی!

لەم فرۆفێڵ و نەفامییە، بێنم تەنگ دەبێ و هەنگاو بەرەو لایان هەڵدێنم و دەڵێم:

-- ئەوە هاتم!

هەرکە هەست بەهەنگاوانی من دەکەن، چەندان هەنگاو بەرەو دواوە دەڕۆن، لێرەدا ئیدی ئارامم لێدەبڕێ، دوای ئارەزوومەندان و تامەزرۆیانی

خـۆم دەكـەوم، بەڵام ئەوان لەمن خـێـراتر ڕادەكـەن و لەبەرچاو بزر دەبن، شەكەت و ماندوو، بەرەو ماڵەوە ملی ڕێ دەگرم، دەبینم ئەو بێ ویژدانانە، هەمـوویان لەوێ كـۆبوونەتەوە! هەمـوو گـۆشـەو كـەنارو كـون و قـوژبـنێ دەپشكنن و بەئاوازێكی خەمبارو نائومێدانە دەڵێن:

ئاشتی خۆشەویستمان چی لێهات؟ بۆ كوێ چوو؟

هەرچەندی هاوار دەكەم «ئالێرەمە» هەرگیز گوێیان لەمن نییە! لە دەورو بەری من دەسووڕێنەوەو دەست لە پشكنین هەڵناگرن.

هەندێ جاران لەخـۆم دەپرسم«خـەوتووم؟ بەئاگـام؟» بەناچاری لەسـەر كـورسـییـەک پاڵ دەكـەوم و تەمـاشـای ئەم گـاڵتە جـارییـە سەیرە دەكـەم لە میانەی ئەم كاروبارانەدا، لەگەڵ خستنە ڕووی ئاشكرای دەسەڵات و جوانی من ڕێـک كـەوتوون و خـەم و داخ لەبێ دەسـەڵاتی و بێ تـوانایی خـۆیان دەخۆن! یەكێكیان دەڵێ:

– ماوەیەک بەر لەئێستا، من ئەوم بینی... ئێستا نازانم حاڵی چۆنە؟ ئەوكاتەی كە چاوم پێی كەوت، زۆر باش و خوو و ڕەوشتی زۆر چاک بوو، بەڵام بەداخەوە لەبینینی ڕوخساری پڕ لەمیهری ئەو بێ بەشین!

خوای دەكرد جارێكی دیكە بەدیداری شاد دەبووینەوە...!

«باشە ئەگەر ئەم ئارەزوو و تامەزرۆییە ڕاستە، بۆچی نەیدۆزینەوە؟

جەنابی پزیشک، چیدیكە تواناو ئارامی بینین و بیستنی ئەم قسانەم نەمـاوە. ئەوە بۆ مـانگێک دەچێ، هەمـوو ڕۆژێ گـرفـتـاری ئەم دەردەم. وەختێ كە لەبەر چاویاندا ڕاوەستاوم، توانای بینینی منیان نییەو هەمیشە خەریكی سیخوڕی و پاشقۆڵ گرتنن لەیەكدی. لەڕێی خـوادا لەدەست ئەم نەخۆشییە گورچک بڕە ڕزگارم كە.»

پزیشک بەوپەڕی هێمنی و وردبوونەوەو گوێگرتن لە قسەكانی نەخۆش وتی:



– ماڵت لەكوێیە؟

-- لە ئەورووپا

-- زۆر لەوێ ماویتەوە؟

-- نەخێر... زۆر نا..

-- ئەمەی تۆ نەخۆشی(سەرسوڕمانی سیاسییە). ئاو و هەوای ئەورووپا لەگەڵ بارودۆخی جەنابت ناگونجێ. ئەو كەسانەی كە بانگی تۆیان كردووەو خۆیان ناساندووە، كاراكتەری كارامەو لێهاتوون و بەزۆر جۆرە فڕوفێڵ و كەڵەكە بازی، ئادەمیزاد لەخشتە دەبەن و دەیانەوێ بەئامانجی نارەوای خۆیان بگەن. ئەم جۆرە ڤایرۆسانە زۆر ترسناكن، چارەسەری جەنابت بەندە بەوەی خـۆت لێـرە دەرباز بكەی، ڕوو بەڕووی ئەم جـۆرە سـووخـۆرو خۆویستانە مەبەوە. ئەگەر دەكرێ بۆ شوێنێكی دیكە بڕۆ..

سەرچاوە: دریای گوهر -- تالیف: د. مهدی حمیدی. جلداول. چاپ هفتم اذرماه/١٣٤٨ص٢٩٨-- ٣٠١.

# ئامۆژگاری داڵاش

یووسف ئیعتیسام ئەلمولک

پیــرە دالاشــەکــە وتی: ڕۆڵەکـانم، لە حـاڵەتێکدا کـە سـەر مـەشق و ڕاهێنانەکـانی منتـان بینیـوە، ئیدی پێویستـیتـان بەئامۆژگاری من نییـە. بینیـوتانە چۆن باڵندەم لەنێـو کـێـڵگەدا، کـەروێشکم لەنێـو بیـابـاندا، کارژۆڵەم لەنێو لەوەڕگەدا ڕفاندووەو خستوومەتە ژێر چڕنووکەکانی خۆم.. ئێستا ئێوە تێگەیشتوون کە چۆن چڕنووکتان لەنێچیر گیر بکەن و بیبەنە خوارێ، کاتی ڕاویش ڕەچاوی هاوکێشەی هەڵفڕین بکەن. بەزۆری گۆشتی ئادەمیزادم دەرخوارد داون، هەڵبەتە تامی ئەم خۆراکە خۆشەتان هەر لەبیر ماوە.

دالاشە فەراقەکان وتیان:

-- پێمان بڵێ، لەکوێ دەتوانین ئادەمیزاد پەیدا بکەین؟ ئەدی بۆچی تائێستا ئادەمیزادێکت بۆ هێلانەکەمان نەهێناوەتەوە؟

– ئادەمیزاد زۆر قورسە، وەختێ کە پەیدای دەکەین، تەنیا ئەوەندەمان پێ دەکرێ گۆشتەکەی پارچە پارچە بکەین و ئێسکەکەشی لەسەر زەوی بەجێ بهێڵین:

-- لەم حاڵەتەدا بۆ کوشتنی ئەو،چ ڕاو و تەگبیرێک دەکەن؟



-- دەبێ بزانن کە دالاش بەچ ڕێگایەک بەسەر ئادەمیزاددا زاڵ دەبن! ئێمە نە لەڕووی هێزو تواناوە، نە لەڕووی فڕتوفێڵەوە بەئادەمیزاد ناچین! ئەگەر سروشت – کە ئادەمیزادی وەک پێویستییەک بۆ ئێمە هەڵگرتووە – ئەوگیانی دڕندایەتییە غەریب وسەرسامەی لەناخی دانەنا بووایە، ئەوا دالاشەکان نەیاندەتوانی تاموچێژ لەم خواردنە خۆشە وەرگرن و پێی ئاشنا بن.

زۆربەی کات کە دوو گرووپ لەئادەمیزادان بەیەکدی گەیشتوون، بەهەراو هۆریایەکی زۆرەوە لەگیانی یەکدی بەردەبن. لەشەڕو پێکدادانی ئەواندا ئاسمان پر لەئاگر دەبێت، هەرکە گوێتان لەم هەراو هۆریایە بوو، هەروەها ئەم بلێسانەتان بینی، بەوپەڕی خێراییەوە بەرەو ئەوێ بڕۆن. لەو کاتەی کە ئەم دوو گرووپە خەریکی یەکدی قڕکردنن، سەرنج دەدەی هەڵمی خوێن لەسەر زەوی بەرز دەبێتەوەو لاشەو ئەندامی پارچە پارچەکراو ڕووی زەوی دادە پۆشێ.

سەرچاوە: دریای گوهر، جلداول، تالیف دکتر مهدی حمیدی، چاپ هفتم، آذرماه/١٣٤٨،ص٣٠٢-٣٠٣.

# قەل و کۆتر

یوسف ئیعتیسام ئەلمولک

قەلەڕەش: های های هاوڕێ! دەبینم وەک ئەوگیانانەی کەدووچاری ئەشکەنجەو ئازارهاتوون، ئۆقرە و ئارامت لێبڕاوە. هەمیشە لەجوولە دای، هیچ حەسانەوەت نییە!

پێم نالێی ئەم جوولەو شپرزەییەت لەبەرچییە؟

کۆتر: لەسەر زەویدا جێی پێیەکیش نییە کە بتوانرێ تاوێک تێیدا بحەسێیتەوە! هەموو شوێنێک پڕبووە لە شمشێر، سەرەنێزە، تفەنگ و تۆپ و، تاد. لاشەی کوژراوان سەرتاپای زەوی گرتووەتەوە لەهەموو لایەکەوە بۆنی گەنیو دێت: ئالەم حاڵەتەدا، لەکوێ و چۆن حەسانەوە دەبێت!؟

قەلەڕەش: قسەی سەیر دەکەیت! مەگەر ئەوە نییە کەمن و تۆ هەردووکمان لە ڕەگەزی باڵدارانین، هەرگیز بارودۆخی سەر زەوی بۆ ئێمە لەمەباشترو گونجاوتر نەبووە، لەهەر شوێنێکدا بمانەوێ دێینە خوارێ و هەڵدەنیشین، وێڕای ئەمەش، باڵندەی گەورەتر وەکو گۆشت خۆرەکان زۆر سەرقاڵن. ئەم وڕێنانە چییە دەیکەیت؟ مەگەر دەتەوێ مافووری ئاوریشمت بۆ ڕابخەن تا تۆ بەنازو عیشوەوە لەسەری پاڵ کەویت؟



کۆتر: وەختی گاڵتەو گەپ نییە، باش من دەناسیت و دەزانیت لەبەرچی ناتوانم لێرە بمێنمەوە.

قەلەڕەش: نازانم، بێ زەحمەت خۆتان بفەرموون؟

کۆتر: لەفەزلی خوداوە، من تەنیا لە هەندێک ڕووەوە لەتۆ دەچم، ئەگەر نا لەلای تەواوی خەڵکی دنیادا بە(نامەبەری ئاشتی) ناوم دەرکردووە:

قەلەڕەش: دەبێ بەڵگەنامەی کارەکەت بخەیتە ڕوو؟

کۆتر: من مژدە دەری ئاسایش و ئاشتیم، داستانەکان و سەربوردە کۆنەکان، گەواهیدەری بانگەشەکەمن، وەختێ کەشتی نووح بەناو لافاوە جیهانگیرییەکەیدا دەڕۆیشت و بارگەوبنەی ئادەمیزادانی بەرایی لەنێو شەپۆلەکانی ئەم بەڵا گەورەیەدا نقووم دەبوو، وەک لەکتێبە پیرۆزەکاندا باس کراوە، من ئەو کاتی چلە زەیتوونم بەدەنووکی خۆم گرتبوو، لەدوای کەشتییەکەی نووحدا دەڕۆیشتم. لەو ڕۆژەوە گەیاندنی موژدەی ئاسایش و ئاشتی بەمنەوە گرێدراوە، تێگەیشتی؟ ئەوا چەندمانگێکە لەوخەیاڵەدام کەئەرکەکەی خۆم لەناو خەڵکانی سەرزەویدا جێ بەجێ بکەم، بەڵام تا ئێستا لەگەیاندنی ئەم پەیامەدا سەرنەکەوتووم: چونکە هێشتا عەمبارێکی زۆر لە گوللە، بۆمبا، ئامرازەکانی کوشتن، کەلو پەلی جەنگی، هۆکارەکانی مرۆڤکوژی ماوەودەبێ بەکار بهێنرێن!

قەلەڕەش: ڕێم بدە لێرەدا، کەمێک پێ بکەنم ئازیزم لە مەبەست دوورکەوتییەوە، پێکەنینی من ئەوەیە کەدەردو ڕەنج و مەینەتی هەندێ کەس، مایەی خۆشبەختی وکەیفخۆشی و شادی کەسانی دیکەیە! تۆ لەبەر شەڕو ئاژاوەو ئەم خوێنڕشتنە لەڕادەبەدەرە لەخەم وخەفەتدای! بەڵام من هەروەکو دەبینی لەخۆشیاندا و لەپێستی خۆمدا جێم نابێتەوە! لەنێو لاشەی کوژراواندا هەموو وەختێ ژەمە خواردنێکی چاک پێک دێنم! چەند دڵخۆشم کەتۆ لەنێو ئەم کەشوهەوا پان و بەرینەدا، بوارێکت نییەو

بۆمنیش لەهەموو لایەکەوە پێویستییەکانی ژیان فەراهەم کراوە!

کۆتر: هەی دڕندەی بەدخوو! ئەگەر وەختی ڕوودانی لافاوەکە ئاگاداری ئەو دڵ ڕەشییەت دەبووم، دەستم لەداوێنی ویژدان و دادوەرێتی نووح گیر دەکردو،گیانی پاکم لەجەستەی ناپاکت دەردەهێنا.

قەلەڕەش: ئەگەر لەلایەن تۆوە ئازارێکم پێ بگات، دڵنیابە گوناهێکی گەورەت کردووە، بۆچی سەرزەنشتی من دەکەیت!؟ ئایا دەزانی ئەو دڕندەیەی کە مایەی بەهیلاک بردنەو دەبێ بەپێی توانا هەوڵی لەناوبردنی بۆ بدرێت، کێیە؟

کۆتر: مەبەستت دالاشە؟

قەلەڕەش: نەخێر، دالاش لەگەڵ کەس بەشەڕنایەت وخوێنی هاوڕەگەزی خۆی نارێژێت، ئەم دڕندە زیانبەخش و ئازاردەرە، ئادەمیزادە! ئەگەر دەتوانی نەوەی ئادەمیزاد لەناوببە، تافیتنەو کارەسات و گەندەڵی لەسەر ڕووی زەوی نەمێنێت.

سەرچاوە: دیاری گوهر، دکتر مهدی حمیدی، چاپ هفتم، ژمارە/١٣٤٨، چاپ سپهر، تهران ص٢٩٥-- ٢٩٧.

# دروستکردنی کێک

ئەبو لقاسم حالەت

لەیەکێ لە وڵاتەکـــانی ئەوروپادا کـــاتی دەست پێ کـــردنی مـــاوەی بڵاوکردنەوەی بەرنامەی چێشت لێنان لە ڕادیۆدا، ئافرەتێک ئەم وشانەی بەرگوێ کەوت «گوێگرانی بەڕێز: ئەمڕۆ دەمانەوێ چۆنیەتی دروستکردنی جۆرە کێکێکتان فێر بکەین.»

ئافرەتەکە یەکسەر پیاوەکەی خۆی بانگ کرد کە لە نووسینەوەدا خێرا بوو، داوای لێ کرد کە چۆنیەتی دورستکردنی کێکی بۆ بنووسێتەوە.

پیاوەکە خێرا دەستی دایە قەڵەم و بەپەلە گوێی بۆ ڕادیو شل کرد، بیرو هۆشیشی ئەوا هەرمەپرسە! بەرێکەوت لە هەمان کاتدا ئیستگەیەکی دی کە بەرنامەی وەرزشی پێشکەش دەکرد، لەگەڵ ئەم ئیستگەیەی کە ئەم بەرنامەیەی پێشکەش دەکرد کەوتنە تەک یەکتری و دەستوورەکانی وەرزشی زۆر بەرێک و پێکی لەگەڵ چۆنیەتی فێرکردنی دروستکردنی کێک تێک هەڵکێش دەبوون! بۆیە کە وەختێ کابرا ئەم دەستوورانەی نووسییەوە ئافرەتەکە لێی وەرگرت و بەم جۆرەی خوێندەوە:

لەگەڵ ژمارەی یەکدا دەستەکانتان لەسەر زگتان، یەک پیاڵە ئارد لەسەر شانت دانێ. کەمێک کشمیشی تێکە بەشێوەیەک کە پاشپانی پێ لەسەریا



جێگیربێ. هەرکە کشمیشەکە ڕەنگی گۆڕا. پێیەکانت بەرز بکەوە. پاشان ئاوی بەسەر دابکە بەشێوەیەک هەتا ناو قەدتان بێت. ئەم جووڵانەوەیە شەش جار دووبارە بکەنەوە. پاشان چەنگێک بیکاربۆناتی دوسوود. ، هەناسەیەکی قووڵ هەڵێشە بەڕادەیەک واهەست بکەن هەناسەتان تەنگ بووە! لەسەر پشت درێژبن دوو هێلکە بشکێنن، پێیەکانتان بەتەواوی بەرەو هەوا بەرزکرابێتەوە، لەئاوندا بیکوتن و بەرەو پێشەوە بیوەشێنن. لەپاشاندا هێڵەنگێکی تەواو ورد لەسەر زگ دانرابێ، پێیەکانتان کۆ بکەنەوەو لەگەڵ ژمارەی پێنجدا، لەنێو هێڵەنگەکە دەری بهێنە! لەسەر زەوی لەسەر ڕوو پاڵ کەون بەهۆی زگتان لە نێو زەردێنەی هێلکەدا بەچەپ وڕاست بگەوزن هەتا زەردێنەکە دەگاتە هەموو شوێن، کە پێیەکانتان لێک دەکەنەوە، هەر چەندە ڕۆنی چێشتی زێتر تێ بکەن باشترە! بەتەواوی خۆتان خوارکەنەوەو هەوڵ بدەن دەستەکانتان لەسەر ئاگر بێنێتەوە، پاشان لەگەڵ ژمارەی سێدا دەستەکانتان بەرز بکەنەوە. لێ گەڕێن سارد بێتەوە، ئەوکاتە هەردوو دەستەکانتان لەدواوە لێک بخشێنن. سەرتان بۆ پێشەوە ببەن، لەسەر ئاگر چەرخەلەیەک بدەن، دوایی بۆ پشتەوە خواری کەنەوە و قەپاغی بخەنە سەر هەتا دێمی بکێشێت، سەرتان لەگەڵ ژمارەی چواردا پارچە پارچە بیبڕن، بەخاولی وشکی بکەنەوە. بیخەنە نێو دەفرێک و پێشکەش بەمیوانی بکەن!

سەرچاوە: کتێبی ڕاهنمائی انشاء – ١٩٥٨ ل–١٦٣ – ١٦٤.

# لەدەفتەری یادداشتی دەقێکدا

ع. شکرچیان

شەممە:

من دەقێکم هێشتا نەهاتوومەتە ناو مێشکی نووسەر، هەموو گیانم ساغ و سەلامەتەو جگە لە دووری ئێوە، هیچ بێزارییەکم نییە.

یەک شەممە:

ئەمڕۆ گەیشتمە ناو مێشکی نووسەر، نووسەر هەر لە ناو مێشکی خۆیدا، هەندێکم لێ سانسۆر دەکات. تکایە دەست لە ئامێری وەرگرتنەکەی خۆت مەدە، خەوشەکە لە ئامێری هەناردنەکەدایە.

دووشەممە:

نووسەر لەپشت مێزەکەوە دادەنیشێ، پەڕە کاغەزێکی سپی لە بەردەمی خۆی دادەنێ و قەڵەم دەگرێتە دەست، بەڵام بەرلەوەی قەڵەمەکە بەسەر ڕووی کاغەزەکە دابێنێ، هەڵدەستێ و دەچێ پەردەی پەنجەرەکە لادەدا، لە پەنجەرەکەوە تەماشایەکی دەرەوە دەکات تابزانێ دنیا هەورە یان نەء،وابیر دەکاتەوە هەورە، دووبارە دێتەوە لەپشت مێزەکەدا دەنیشێتەوەو دەست بەنووسین دەکات. لەکاتی نووسیندا دیسان هەندێکم لێ سانسۆر دەکات.



سێ شەممە:

زۆر خەتم بەسەردا کێشراوە، نووسەر ئەمڕۆکە پاکنووسم دەکات. هەندێ لەوشەکان سووک و ئاسان دەکات و دەیانخاتەوە شوێنی خۆیان. هەندێکیشی لێ هەڵدەگرێ وبۆنیان دەکات و وەلایان دەنێت.

چوارشەممە:

ئەمڕۆ گەیشتمە بەردەستی سەر نووسەری گۆڤار، ئەویش چەند پەرەگرافێکم لێ لادەدات، بۆنکردنی ئەویش لە هی نووسەر توندترە.

پێنج شەممە:

سەر نووسەر بەسەرپەرشتیاری گۆڤارم دەسپێرێ، ئەویش جارێک لەسەرەوە تاخوارەوەو جارێکیش لە خوارەوە تاسەرەوەو جارێکیش لە ڕاستەوە بۆچەپ و لە چەپەوەش بۆڕاست دەمخوێنێتەوە، لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکیدا لەتێکم لێ قوت دەکات.

هەینی:

ئەمڕۆ پشووی هەفتەیە و خۆشحاڵم بەوەی کەس ئیشی پێم نییە.

شەممە:

چوومەتە بەشی پیتچنین، پیتچنیش دەمباتەوە لای سەرنووسەرو دەڵێ: «بەبڕوای من هەندێ لە وشەکان بۆنیان لێدێ...» لێرەش هەندێکم لێ قوت دەکرێ.

یەک شەممە:

ئەوا لەبەردەستی پرۆڤە خوێنم، لە کۆنەوە بەپرۆڤە خوێنیان دەوت(هەڵەگر). ئەویش دەمباتەوە لای سەر نووسەرو دەڵێ: «نووسەر

لێرەدا لە فلانی داوە!» بەشێکم لێ دەخرێتە بەر دەمی مقەس و قوت دەکرێ.

دووشەممە:

چوومەتە بەشی نەخشە سازی. بۆ ئەوەی لەسەر لاپەڕەش جێم ببێتەوە، نەخشەسازیش پەڕەگرافێکم لێ فت دەکات.

سێ شەممە:

ئەمڕۆ بەرەو چاپخانە ڕۆیشتووم ومێشکم ئیسراحەتە، لە حەوت قۆرتان پەڕیمەوە! بەڵام تەحا لە خەیاڵی پووچ!! چاپکار ئاگاداری بەڕێوەبەری گۆڤارەکە دەکاتەوە کە ئەم دەقە لە فلانە شوێن زۆر توندە! بەڕێوەبەریش گورزی خۆی دەوەشێنێ تا توندییەکەم شل بێتەوە!

چوار شەممە:

هەی بێ ویژدانینە، لی گەڕێن بەلایەنی کەمەوە شتێکیش بۆ فەرمانگەی وردکاری و چاودێریش بمێنێتەوە، ئەدی ئەوان لە پای چی مووچەی مانگانە وەردەگرن!؟

سەرچاوە: گۆڤاری(دنیای سخن)، ژمارە(٥٨)، دی وبهمن(١٣٧٢)ی هەتاوی(١٩٩٣ز)، ل-١٢.

# لە ڕۆژێکی بۆ هەموو شتێکی بەهاریدا

عومران سەلاحی

لەڕۆژێکی بەهاریدا، پیاوێک کە قۆڵی دەستەچەبی چاکەتەکەی لەناو گیرفانی نابوو، لە ژێر درەختێکی چرۆداری ناو باغچەی لالە، لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، لەگەڵ کابرایەکدا قسەی دەکرد، دیار بوو تازە خانەنشین کرابوو.

ڕاست دەفەرمووی، گوشاری ئابووری هەمیشە دەبێتە مایەی کەم و زیادکردنی ژیان! ناتوانی نان و گۆشت و ڕۆن نەکڕی، بەڵام بۆ نموونە دەتوانی کتێب کڕین لە بەرنامەی ژیانتدا لابدەی. مرۆڤ ئەگەر خواردن نەخوا دەمرێ. بەڵام ئەگەر کتێب نەخوێنێتەوە، وای لێ نایەت. تازە ڕەنگە زیاتر گەشە بکات. پوختەی قسە، وەلانانی هەندێ شتی نازەرووری، زیان لەمرۆڤ نادات. من پێنج کچم هەیە، چواریان بەنیازی کوڕبوون لە دایک بوون! پێنج ساڵ لەمەوبەر، کچی یەکەمم وەختی شووکردنی هاتبوو. دەمویست بەشووی بدەم، بەڵام پارەم نەبوو تا جیهاز و بارگەی بووکێنی بۆ پێکەوە بنێم، نە پارەیەکی هیشکەشم هەبوو نەشتێکی بەکەڵک کە بتوانم بیفرۆشم. توانای قەردکردنیشم نەبوو. ڕۆژێکیان لەناو هەمان باغچەدا دانیشتبووم. ڕۆژنامەم دەخوێندەوە، ئاگادارییەک بڵاوکرابووەوە«کڕیاری



گورچیلەین» . لەبەر خۆمەوە بیرم کردەوە، زۆر کەس لە جیهاندا هەن بەیەک گورچیلە دەژین! بۆچی سوود لەو سامانە خوداییە وەرنەگرم؟! یەکێک لە گورچیلەکانی خۆم فرۆشت و کچەی یەکەمم نارده ڕێی خۆی.

دوای ساڵێک، کچەکەی دووەمم وەختی شووکردنی هات! هەمان تاس و هەمان حەمام بوو، من خۆم بەپیاو دەزانی و نەمدەتوانی کچەکەم بەبێ جیهازی بووکێنی بەشوو بدەم. دیسان ڕۆژێکیان لەسەر هەمان کورسی دانیشتم و بیرم لە ئەندامەکانی دیکەی لەشم دەکردەوە. هەڵبەتە ئەو ئەندامانەی کە جووتێکم لێیان هەبوو. بۆ نموونە: چاوەکانم... لەبەرخۆمەوە وتم: دووچاوم بۆ چییە؟ مەگەر شتێکی ئەوتۆی شایان بەبینین هەیە!؟ لە پێناوی چیدا ئەم دنیا سەراوژێرە دوو بەرامبەر ببینم و دوو بەرامبەر ئازار بچێژم! هەموو لاپەڕەی ئاگادارییەکانی ڕۆژنامەکانم تەماشا کرد، بینیم کەس کڕیاری چاو نییە! خۆم بانگەوازێکم لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاوکردەوە! ڕۆژی پاشتر، کڕیارێک پەیدا بوو، کچی دووەمیشم نارده ڕێی خۆی. ئێستا یەکێک لە چاوەکانم شووشەیە.

ساڵێک دوای ئەمە، وەختی شووکردنی کچی سێیەمم هات!

هەموو دەرگاکان بەڕوومدا داخرابوون! نەمدەزانی چی بکەم؟ خەریک بوو لە خەمان سیق و دیقم دەکرد. بیرم لە گوێچکەکانم کردەوە، وتم یەکێکیان دەفرۆشم، بەڵام کێ هەیە گوێچکە بکڕێ!؟ بەنائومێدییەوە لەناو هەمان باغچەدا دانیشتبووم و لاپەڕەی ڕۆژنامەم هەڵدەدایەوە. بیینیم لە لاپەڕەی ئاگادارییەکاندا نووسرابوو: (هەموو جۆرە ئەندامێکی لەش دەکڕین) . وەک بڵێی دنیایان بەمن دابێت، یەکسەر تەلەفۆنم بۆیان کرد و پرسیم: ئایا گوێچکەش دەکڕن؟ وتیان: کابرایەک سەردانی دامەزراوەکەیانی کردووە ودەڵێ یەکێک لە گوێچکەکانم لە شەڕێکدا لەدەست داوە، ئێستا ناتوانێ بەبێ گوێچکە کتێب بخوێنێتەوە! لە خۆمم

پرسی: گوێچکە چ پەیوەندییەکی بەکتێب خوێندنەوەوە هەیە!؟ وتیان کابرا گوێچکەکەی بۆ ئەوەیە لە کاتی خوێندنەوەدا، باسکی چاویلکەکەی بخاتە سەر. زۆر بەخێرایی کارەکە تەواو بوو، کچی سێیەمیشم ناردە ڕێی خۆی. ئێستا پرچی خۆم درێژکردووە و دیار نییە کە گوێچکەیەکم نییە!

ساڵی پاشتر، نۆرەی کچی چوارەمم بوو، بەتەواوی نائومێد ببووم. لەوپەڕی نائومێدی! لە هەمان دامەزراوەوە تەلەفۆنم بۆ کراکە هەر ئێستا پێویستیان بەدەستێکی چەپە هەیە! لە خۆشیان ئیدی نەمپرسی بۆچییانە! یەکسەر چوومە نەخۆشخانە، دەستی چەپەم داو بەپارەکەی کچی چوارەمیشم ناردە ڕێی خۆی، دەستێکی زۆر چاک بوو، تەنیا پەنجەیەکی شکا بوو، بەڵام باش ئیشی دەکرد! لەوکاتییەوە ئەنگوستیلەی زاوایەتی خۆم خستبووە پەنجەی دەستی ڕاستەم. ئێستا دەبێ کابرای کڕیار چ ئیشێک بەدەستەکەی من بکات! هەرخوا دەیزانێت!

ساڵی دواتر، دەبووایە دوایین کچم بەشوو بدەم! دیسان هەمان بێ پارەیی و هەمان گرفتاری بوو.

هاتمە ئێرە و لە ڕۆخ حەوزێ دانیشتم و بیرم لە ئەندامەکانی دیکەی لەشم دەکردەوە پێ، بەهیچ شێوەیەک نابێ بفرۆشرێت! ئوتۆمبێل بەبێ ئاوێنەی تەنیشت و بەبێ دەرگا و بەبێ تایەی سپێر دەتوانێت بڕوات، بەڵام بەبێ تایە مەحاڵە. نەدەکرا لووتم بفرۆشم سەرو سیمام تێک دەچوو! زمانیشیان نەدەکڕیم، دەیانوت توندوتیژە! ئەوان پێویستیان بەزمانێک هەیە مەرایی بکات. ئێوە نازانن بەچ دەردە سەرییەک ئەو کچەشم ناردە ڕێی خۆی و ژیانی خۆی، بەڵام ئێستا خۆم لەناو ماڵ و ژیانمدا ئاوارە بوویمە! ژنەکەم ناهێڵێ بچمەوە ماڵ و دەڵێ: ئیدی بەچ ئومێدێکەوە لەگەڵتدا بژیم.

سەرچاوە: گۆڤاری ئادینە، ژمارە(٩٠- ٩١) نەورۆزی ساڵی ١٩٩٤، ل-٤٧.

# تۆ نەبووی

ئیبراهیم هاشمی

١

تۆ نەبووی، فەرەیدوون کە گیرفانەکانی خۆی پڕ لە بەرد کردبوو، بەدرۆش لەبەردەم تەواوی خەڵکی شار وتبووی: دەزانم ژمارەی چۆلەکەکانی شار چەندن! بەڵام ڕۆژێکیان لە دەستی دەرچوو، دارلاستیکەکەشی نیشاندام.

من چەندین ساڵە لە ماڵ دەرنەچووبووم، پۆتینەکانم ببوونە هێلانەی چۆلەکەکان، لە ترسانیش دەرگا و پەنجەرەم داخستن. ڕۆژێکیان نامەیەکی بێ ناونیشان، بەتەنیا دێڕێک بەدەستم گەیشت:

"فەرەیدوون لە شارێکی بێ چۆلەکە مرد"

٢

تۆ نەبووی، شەوێکیان کابرایەکی ڕەشپۆش بەخۆو بەدوو قەلەڕەشی سەر شانەکانی لە دەرگای دا، کە دەرگاکەم کردەوە، یەکسەر قەلەڕەشەکان بەرەو کونی بنمیچی هەیوانەکە هەڵفڕین. ئێستا ئەوە چەندین ساڵە لەگەڵ تەواوی یادگارییەکانمدا لە ژێر جیقنەو پەڕامووچەی قەلەڕەشەکاندام. شەرم دەکەم یارمەتی لە ڕەشپۆشەکانی کۆڵان وەرگرم! ڕۆژێکیان نامەیەکی بێ



ناونیشانی بەتەنیا دێڕێک بۆ نووسیم:

"خەریکە لەگەڵ تەواوی یادگارییەکانمدا لەژێر جیقنەو پەرامووچەی قەلەڕەشدا دەخنکێم، فریام کەوە"

٣

تۆ نەبووی، فەڕەنگیس کە چەندین ساڵە لەنێو چێشتخانەدا خەریکی شۆربای برنج بەشیر لێنان بوو، مێروولەکان تەواوی جەستەیان داگرتبوو، ئەوەندەش خۆی خوراندووە، تا گەیشتۆتە سەر ئێسکەکانی، دایکی فەڕەنگیس کە ئەمەی بیستبوو، لەلای هەموو ژنانی دەرو دراوسێدا، هەزاران تف و نەفرەتی لە باب و باپیرانی فەرەیدوون کردبوو، وتبووی: ئەوەندە نانە ناداتە کچەکەم، هەندی چەنگەکی لێهاتووە، بووەتە ئێسک و پێست. ڕۆژێکیان نامەیەکی بێ ناونیشانی، بەیەک دێڕ بۆ نووسی:

"باڵندە فرۆشێک بۆ خوازبێنیت هاتووە، خۆت تەڵاق دەو خێرا خۆت بگەیەنێ."

٤

تۆ نەبووی، وەختێ کە فەرەیدوون مردو فەڕەنگیس شووی بەباڵندە فرۆش کرد، لە هەمان شەوی یەکەمدا، هەموو خەڵکی شار تێگەیشتن کە فەرەیدوون هەموو چۆلەکەکانی گرتبوو و بەباڵندە فرۆشی دەفرۆشت. دایکی فەڕەنگیس کە ئەمەی بیست، یەکسەر سیق ودیقی کردو مرد، لە تەنیشت گۆڕی فەرەیدوون شاردیانەوە. ڕۆژێکیان نامەیەکی بێ ناونیشان بەتەنیا دێڕێک بەدەستم گەیشت:

"بەسەرهاتی فەرەیدوون و فەڕەنگیس -م بۆ بنووسە".

سەرچاوە: گۆڤاری دنیای سخن ،ژ(٩٤)، اردیبهشت - ١٣٨٠ی هەتاوی (٢٠٠١ز)، ل-٥٩.

# گەڵای پاییز

عەلی محەمەد سەلیمی قەلعەیی

پیرەژنەکە لەدارتێلەکەی تەنیشت شەقامەکە نزیک کەوتەوە، سەری دەسووڕا! دەستێکی بەدار تێلەکەوە گرت و دانیشت تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد. دنیا تاریک بوو، گڵۆپی دارتێلەکە داگیرسابوو، شەقامەکە چۆڵ بوو، گەڵای دارو درەختەکان لەو ناوەدا بەرش و بڵاو ببوونەوە، (با )ی دەهات و گەڵاکانی وەجووڵە خستبوو. پیرەژن، وێنەیەکی لەنێو دەستدا بوو، وێنەکە لەنێو دەستیدا گەچرابوو! دەستی خۆی کردەوە، وێنەکەی ساف کردو بەسەرسامییەوە تێی ڕاما! ماچی کرد و بەسینگی خۆیەوەی قرساندو لەپڕمەی گریانی دا، بەڵام فرمێسکی لەچاوان نەهاتە خوار! لەبەر خۆیەوە وتی: (دەردت لەگیانی دایکت کەوێ دڵە شیرینەکەم)

لاوازێکی ڕەنگ زەرد بوو، کراسێکی هەراوی لەبەردابوو، کراسەکەی شڕو وڕ بوو، جێ جێ ئێسقانەکانی لەدەرەوە بوو، دووبارە وێنەکەی لەبەردەمی خۆی ڕاگرتەوەو زەینێکی دایێ! وێنەی گەنجێکی جوانی نیشان دەدا، گەنجێک بزەخەنەی لەسەر لێو بوو!! پیرەژن بەشێوەیەک تەماشای وێنەکەی کرد، فرمێسک لەچاوەکانیدا فوارەی بەست و بەخوڕ هاتە خوارەوەو وێنەکەی لەبەرچاو تاری کرد! بەپشتی دەستی فرمێسکەکەی



خۆی سڕییەوە، وێنەکەی بەهەردوو دەستان گرت و بەرزی کردەوەو تەماشایەکی کرد، بزەخەنە لەسەر لێوی گەنجەکە وەلاچوو، چەند دڵۆپە فرمێسکێک لەچاوەکانیدا هاتنە خوار، پیرەژن وێنەکەی ماچ کردو وتی: «خودایە، دایکت بمرێ، بۆ دەگریێ؟» وێنەکە هاتە جووڵان! وەک ئەوەی گیانی وەبەر هاتبێتەوە، چاوەکانی لێک دا، گەورەو گەورەتر بوو، لەبەردەم پیرەژن ڕاوەستا. پیرەژن ئیدی وێنەکەی نەدەدی و ڕۆڵە گەنجەکەی خۆی دەبینی کە بەرانبەری ڕاوەستابوو دەگریا!!

بەزەحمەت هەڵسایەوەو ئەوی گرتە باوەش و چەند جار گۆناکانی ماچ کرد. گەنجەکە شانەکانی دایکی گرت و تۆزێک لەخۆی جیا کردەوەو وتی: «دایە گیان، تۆ لێرەدا چی دەکەیت!؟»

پیرەژن دووبارە لەباوەشی گرتەوەو ماچی کردو وتی: «بەقوربانت بم، ڕۆڵەی شیرینم!»

دایە بۆچی لێرە دانیشتووی؟

«سوپاس بۆتۆ خوایەگیان، ڕۆڵەکەمت گەڕاندەوە»

گەنجەکە فرمێسکەکانی سڕییەوەو وتی: «تۆلە کوێ بوویت دایەگیان؟ چەند ڕۆژە بەدواتدا دەگەڕێم»

پیرەژن سەری ڕۆڵەکەی خستە نێو دەستەکانی و تەماشایەکی سەرو سیمای کردو وتی: «زمانم لاڵ بێت، دەیانوت لەشت بۆتە یەک پارچە ڕەژوو، دڵم هەر لەلات بوو، درۆ دەکەن!»

لەشی من؟ نەخێر هەرکێ وتبێتی، درۆی کردووە، من تەنیا بریندار بووم. پیرەژن لەنێو گریاندا بزەی هاتێ و وتی: (تۆ نەبووی لەنێو ئەو ئۆتۆمبیلەی کەسووتا؟)

بەڵێ، من بووم، بەڵام چی وانەبوو، وادەبینی کەساغ وسەلامەتم...

بۆچی زووتر نەهاتییە لام، ڕۆڵەی شیرینم؟

(گەنجەکە سەری خۆی دانەواند، تا دایکی چاوی بەفرمێسکەکانی نەکەوێ)

زۆر لەمێژنییە کە هاتوومەتە ئێرە، لە تاران لەنەخۆشخانە بووم.

برینەکەم خراپ بوو، نەمدەتوانی بێمە لات.

پیرەژن دیسان سەری ڕۆڵەکەی خۆی لەنێو دەست گرت و وتی: خودایە هەر دەردێکی هەیە بیخە سەر گیانی من، ئێستا خۆ هیچ شوێنێکت ژان ناکا؟

نەخێر، ئیدی چاک بوومەوە، تەنیا دووساڵ لەنەخۆشخانە بووم، ئەویش شتێکی وانییە.

پیرەژن دەستی لێ بەرداو، دەستەکانی خۆی بەرز کردەوەو وتی:

خوایە گیان سوپاس... هەزاران جار سوپاس... خوایەگیان...

گەنجەکە ڕاوەستابوو، تەماشای دیمەنی داتەپیوی دایکی دەکرد: دایەگیان، بۆچی لێرە کەوتووی؟ بەم ناوەختەی شەو، لەنێو جادان چی دەکەی؟

هەر تۆ سەلامەت بیت، ڕۆڵەی شیرینم، من هیچ شوێنێکم نییە بچمێ، بۆکوێ بچم!؟

«واتە هیچ کەسێک نەبوو شەو بچیتە ماڵی و لای بمێنییەوە؟»

ماڵی کێ...؟ کەسم لەکوێ بوو؟ من لەدارەتی دنیادا تەنیا تۆم هەیە!

خۆزیا منیش هەروەک ئەوانی دیکە بمردبام و تۆم بەم شێوەیە نەدیبایە.

پیرەژن دەستی خستە سەر دەمی ڕۆڵەکەی و وتی: نا...نا... وامەڵێ، خودا دەردی تۆ بخاتە سەرگیانی من، توخوا ئەم قسانە مەکەو ئیدی نەیتوانی لەسەر پێ بوەستێ و لەجێوە کەوتە خوار.

گەنجەکە لەتەنیشت دایکییەوە دانیشت، جگەرەیەکی لە گیرفان



دەرهێناو دایگیرساندو مژێکی لێدا، پیرەژن وتی«نابێ تۆ خۆت شپرزەو نارحەت کەیت، من ناهێڵم تۆ خەم بخۆیت..»

گەنجەکە بەچەند مژێک جگەرەکەی بەنیوەکرد، تەماشایەکی دایکی کردو کەوتە گریان، بەدەنگێکی بەرز دەگریا. پیرەژن سەری خۆی خستە سەر ڕانی ئەو و وتی:لەرێی خوا ئیدی بیبڕەوە ئەگەر هەر بەمجۆرە بگرییێ ئەوا من دیق دەکەم! گەنجەکە ئارام بۆوە،مژی لە جگەرەکەدا، بالۆرەی دووکەڵی لەدەمەوە وەدەرناو وتی: ئەم چەند ساڵەیە لەکوێ بوویت، دایەگیان؟ چیت دەکرد؟ هەمووم بۆباس بکە دایەگیان...!

لەهەموو شوێنێک بووم، هەر شوێنێکی بڵێیی لێی بووم.

چۆن بوو کە بەمجۆرە کەوتییە گۆشەو کەناری سەرجادان؟

ئیدی هیچ شوێن نەمابوو کە نەچمێ، چوومە هەموو شوێن... هەموو شوێن...

+ واتە لەنێو ئەم هەموو خزم و کەسە، کەسێک نەبوو کە ئاگادارت بێت؟

-- نەخێر قوربان، کێ بەکێیە؟ هەرکەسە لەبیری خۆیدایە.

+ ئەمە بووە چی؟ کەسێک نەدەبوو پیرەژنێکی وەک تۆ لەماڵی خۆی بحەوێنێتەوە؟

– وەڵڵا بڵێم چی... هەندێکیان توانایان هەبوو، بەڵام ئەم کارەیان نەکردو و بیانوویان دەهێنایەوە...!

+ ئاخر تۆ چ بارگرانییەکت هەیە تا دەروەستی نەیەن؟

– بارگرانی؟ مەسەلەکە هەر ئەوە نییە، کێ ئامادەیە پیرەژنێکی بێتوانای نەخۆشی وەک من لای خۆی ڕابگرێ!

گەنجەکە جگەرەکەی تەواو کردو قوونکە جگەرەکەی فرێ دایە قوژبنێک

و وتی: کەواتە (دادەی غولام)یش هەر ئامادە نەبوو کەلای خۆی ڕاتگرێ؟

– پیرەژن سەرێکی لەقاندو وتی: دادەی غولام... های... های... چەند مانگێک لەلای بووم، ڕۆژێکیان بینیم لەسەرە من (فریشتە) لەگەڵیان کەوتۆتە دەماقاڵە، منیش ڕێگەی خۆم گرت و کەوتمە وای خۆمەوە

+ (دادەی غولام)یش هیچ! ئەدی مامە حوسێن؟ کەباوکم زۆر هەقی لەسەر ئەو هەبوو، ئەرکی ئەو بوو کە ئاگای لێت بێت.

-- باوکی خوا لێخۆشبووت! بەڵێ زۆر هەقی لەسەری هەبوو، بەڵام چی بکات؟

لەکوێ دەیتوانی خەمی من بخوات؟ مامە حوسێن، خەرجی ژن و منداڵەکانی خۆی پێ مەیسەر نەدەکرا! چ جای من!

(لەرزینێک سەرتاپای پیرەژنی تەنی)

گەنجەکە پرسی: ئەدی کاک خەسرەوی؟ کاک مەحموود، فەرهاد...؟ ئەوانە هەموویان خزم و کەس بوون، من مردبووم، خۆ ئەوان نەمردبوون؟

-- لەڕێی خوا ئیدی باسی مردن مەکە! چونکە ڕۆژگاروای لێهاتووە خزم و کەس وکاری نزیکیشم ئاگایان لێم نەبووە! چ جای ئەوانی دیکە. تۆ خەم لەم شتانە مەخۆ...

+ باشە دەتویست بچیتە لای (سەوسەن)، خۆ ئەو کچی خۆت بوو.

-- سەوسەن؟ بەخۆی خەمی ئەوەندە کەم نەبوو، ئیدی منیش بەدبەختی خۆمی بۆبخەمە سەر و برِو بیانوو بدەمە دەست مێردە مل هوڕەکەی و کچۆڵەکەم بێچارە بکات و لەماڵەوەی دەربکا.

گەنجەکەش دەستی لەچۆکان وەرهێناو وتی:(ئەی خودا، تەماشاکە چ ڕۆژگارێک داهاتووە! هیچ کەس ئامادە نەبووە ئەم پیرەژنە بحەوێنێتەوە... لێی گەڕاون تابکەوێتە گۆشە وکەنارو سەرجادان... دەستی کرد بەگریان...

پیرەژن وتی: تا ئەو ڕادەیە خۆت سەغڵەت مەکە گیانەکەم! تەنیا ئارەزووم



ئەوە بوو جارێکی دیکە بتبینمەوە ئیدی هیچی دیکەم ناوێ...

گەنجەکە جگەرەیەکی دیکەی داگیرساند، هەردووکیان بیدەنگ بوون و کەوتنەوە بیرکردنەوە. چەند چرکەیەک بەسەرچوو، گەنجەکە دەستی بەدەستەکانی دایکی دادەهێناو پرسی:

دوای من کەلوپەلی ماڵەوەت چی لێ کرد؟

-- کەلوپەلەکان؟... های... های... پێنچ شەش مانگێک دوای ڕۆیشتنی تۆ، خاوەن ماڵ وەدەری نام، منیش چوومە ماڵی غولام! هەمان شوێن، مەبەستم لە(عەلی) کوڕەکەیەتی کە هەمیشە سەر خۆشەو هەموو شتەکانی یەکە یەکە لەنێو دەستم دەرهێناو بە(با)ی دا.

+ پاشان چیت کرد؟

-- چوومە ماڵی(حوسێن)ی مامت، ئەو بێچارەیە، گوزەرانی زۆر خراپ بوو، خۆی پێویستی بەیارمەتیدان هەبوو

گەنجەکە ددانەکانی خۆی جیڕ کردەوەو وتی: دەبوایە لەلای ئەو بمابایتەوە... بمابایتەوە... دایەگیان!

– مامەوە، ڕۆڵە... حەوت... هەشت مانگ لای مامەوە(روقیە)ی ژنی نەخۆش بوو، حوسێن هەرچی هەیبوو، نەیبوو لێی خەرج کرد، دەردی بێ دەرمان بوو، ئیدی لەوێ خۆم بەزیاد دەزانی...

گەنجەکە هەڵسایەوە:(هەڵسە دایەگیان... هەڵسە... هەڵسە... بالێرە بڕۆین... هەواسارده).

پیرەژن درێژەی بەقسەکانی خۆی دا! لێرە بەدواوە کەوتمە ڕێی خوا... لەڕۆخ شەقام و کۆڵانان دادەنیشتم، هەرکەسێ دڵی بەحاڵم بسووتایە، یارمەتی دەدام شەوانە دەچوومە ماڵی حوسێن.

+ ئەدی ئەم شەو بۆ نەچوویتەوە ماڵی ئەو؟ لەنێو ئەم هەوایە ساردەدا چی دەکەیت؟!

-- ڕوقیە مرد، حوسێن -یش دەستی منداڵەکانی خۆی گرت و ئەم شارەی بەجێ هێشت... وتی دەچمە تاران... ئەوێ ئیشی لێیە، ئەو ڕۆیشت ئیدی شوێنیک نەما سەری پێکەم!

گەنجەکە دەستی پیرەژنی گرت و لەجێی خۆی هەڵساند.

پیرەژن وتی: بەڕاست پێم نەوتی، چەند جاران چوومە ماڵی کاک خوسرەوی و فەرهادو... لەهەرماڵێک چەند ڕۆژیک مامەوە بینیم ژن و منداڵەکانیشیان نارەحەت دەبن... بینیم ماڵی ئەوانیش شوێنی من نییە! لەگەڵ کۆخین پاڵی بەڕۆڵەکەی خۆی ناو وتی: لێرە بەدواوە بەمجۆرە لەنێو کۆڵانان و سەرجادان سەرگەردانم...!

+ باشە شەوانە چیت دەکرد دایەگیان؟

-- شەوانە... ئەو شەوانەی کە هەوا ساردنەبووایە، هەمان گۆشەو کناری ئەم جادانە شوێنم بوو، وەختێ کە هەواش سارد دەبوو دەچوومە کاولگە خانوویەک کە لەو کۆڵانەی خوارتر ئەم شەویش خەریک بووم بچمە هەمان شوێن، بەڵام سەر سووڕانێکم تووش هات، ئیدی نەمتوانی بڕۆم! تەماشەیەکی ڕۆڵەکەی کردو درێژەی پێ دا: (خوا تۆی بۆ کۆمەکی من هەناردووە، ئەگەر نەهاتبووای... کارم تەواو بوو...!)

گەنجەکە لێوانی خۆی دەگەزی و بەزەحمەت پێشی لە گریانەکەی خۆی دەگرتەوە، کەوتنەڕێ، پیرەژن دەشەلی، کەچەند هەنگاوێک بەرەوپێش ڕۆیشتن، پیرەژن پرسی: ئێستا بەرەو کوێم دەبەیت، دەردت لەگیانم کەوێ!

گەنجەکە وتی: ئیدی دەتبەمە شوێنێک!

(کەوتنەڕێ) پیرەژن پرسی: ئیدی بەرەو کوێ دەڕۆین؟

+ لەم دەورو بەرانەدا دوو ژوورم بەکرێ گرتووە، دەتبەمە ئەوێ!

-- (خودایە هەموو دەردێکی بێتە من) بەدرێژایی شەقامەکە دەڕۆیشتن، ئۆتۆمبیلێک بەزەحمەت بەشەقامەکەدا ڕەت بوو! کە کەمێک



چوونە پێش، گەیشتنە ناو کۆڵانێک، خانووەکانیان یەک یەک لەدوای خۆیان بەجێ هێشت و لەبەردەم خانوویەکی دوو نهۆمدا وەستان!

گەنجەکە وتی: (شوێنەکە ئێرەیە!) لە زەنگی دەرگاکەی دا.

پیرەژن نەیتوانی لەسەر پێ بوەستێ، دانیشت، چاوەڕوانی درێژەی کێشا! گەنجەکە چەند جارێ زەنگەکەی لێ دایەوە! بەڵام هیچ کەس دەرگاکەی نەکردەوە، پیرەژن سەرمای بوو، دەلەرزی، بەزۆری هەڵسایەوە خۆی لەدەرگاکە نزیک کردەوە، پەنجەی بەدوگمەی زەنگەکەوە ناو چەند چرکەیەک پەنجەی خۆی هەڵنەگرت!

دەنگی ترپەی پێیەکی هاتە بەر گوێ وکابرایەک دەرگاکەی کردەوە، کابرا خەواڵوو بوو، وتی: بەم نیوەشەوە چیت لێ قەوماوە دادە. پیرەژن دەستی خۆی بەدیوارە کەوە گرتبوو تا نەکەوێتە خوارەوە، کە دەرگاکە کرایەوە، ویستی بچێتە ژوورەوە، بەڵام کابرا پاڵێکی بۆ دواوە پێوەناو وتی: بۆ کوێ... بۆ کوێ؟

-- ئەمە ماڵی کوڕەکەمە! دەمەوێ بچمە ماڵی کوڕەکەم، برۆ ئەو لاوە با ببینم...!

کابرا تەماشایەکی سەرتاپای پیرەژنی کردو جارێکی دی پاڵی پێوەنا بۆ دواوەو وتی: برو دایە برۆ... دیارە دڵت خۆشە! کوڕەکەت چ جۆرە ولاغێکە...!

پیرەژن تووڕەبوو، چاوی بەئەرزەکەدا گێرا، بەڵام هیچ بەردی نەدی! هاواری کرد: (ون بەلەبەرچاوم، قسەی خراپ بەکوڕەکەم نەڵێی، ئەگەر نا مێشکت دەپژێنم...!!) ویستی بەزۆری بچێتە نێو ماڵەکە، کابرا بەرۆکی پیرەژنەکەی گرت و تێی هەڵدایە نێو کۆڵان و وتی: بڕۆ لەم ناوە، پیرەژنی شێت و وێت! دەرگاکەی بەتوندی پێوەدا و کلۆمی دا.

پیرەژن پشتاو پشت کەوتە سەر زەوی و لەگەڵ کەوتنەکەدا خزی و

گەیشتە بن دیوارێک، دەستی خۆی بەدیوارەکە گرت، هەڵسایەوە تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، خۆی بەتاک وتەنیا بینییەوەو دەستی بەناڵین و گریان کردو بەشەلەشەل لەو ناوە دوور کەتەوە، لەکۆڵانەکە دەرچوو، گەیشتە شەقامەکە، چەند هەنگاوێک بەرەو پێشەوە چوو، لەگۆشەیەکی شۆستەکە کەوتە سەر زەوی! بای دەهات و هەواش ساردبوو، دەیبرِی

***

کازیوە بوو هەوا کەم کەمە خەریک بوو رۆشەن دەبۆوە، پاککەرەوەیەک (شۆستە ماڵێک) خەریک بوو گەڵا وەریوەکانی سەرشەقامی دەماڵی! وەختێ گەیشتە نزیکی پیرەژن، وەستاو تەماشایەکی کرد، پیرەژنی بینی کەوتبووە سەر زەوی، چاوەکانی ئەبڵەق مابوون، بەڵام هەناسەی لێ برِابوو، پاک کەرەوەکە تەماشای دەستی پیرەژنەکەی کرد، وێنەیەکی لەنێو دەستیدابوو، وێنەکە گەنجێکی جوان و جاحێڵی نیشان دەدا کە بزەخەنەی لەسەر لێوان بوو.

سەرچاوە: گۆڤاری (ادبستان) ژمارە (١٦).

# ئەو كەروێشكەی دەیویست ببێتە ئادەمیزاد

حەمید ڕەزا سەفائی

هەبوو نەبوو، لەنێو دارستانێکی چڕدا کەروێشکێک دەژیا، کە خاوەنی سێ بێچوو بوو بەناوی(ئوولی و پوولی و توولی).

ئەم خێزانە ژیانێکی خۆشیان هەبوو، هەروەختێ کە دایکەکە بۆ پەیداکردنی خۆراک لەماڵەوە دەردەچوو، ئەم سێ برایە، لەنێو دارستانەکەدا بەکەیف و شادی دەستیان بەگەمان دەکرد، ڕۆژەکان بەخۆشییەوە یەک لەدوای یەک تێدەپەڕین و بێچووەکانیش ڕۆژ لە ڕۆژ گەورەتر دەبوون تا ئەوەی کە ڕۆژێکیان دایکەکە، بانگی ئوولی و پوولی و توولی کردو وتی: (ڕۆڵەکانم ئیدی ئێوە گەورەبوون و تێگەیشتوون و دەتوانن بڕیار لەسەر ئایندەی خۆتان بدەن کە چ کارێ بکەن.)

ئوولی وتی: دەمەوێ ببمە پزیشک تا هەموو ئاژەڵانی دارستان ڕێزم لێ بگرن و هەر قسەیەکیشیان بۆ بکەم، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک بهێنمەوە، چاو بخەنە سەریەک و قبووڵی بکەن، هەروەها چونکە نەخۆش لەم دارستانەدا زۆرن، ئەوا دەبمە پارەدارو خانوویەکی گەورە دەکڕم و ناوبانگم هەموو شوێنیک دەگرێتەوە.

پوولی وتی: من دەمەوێ بچم لەلای شێر، پاشای دارستان ئیش بکەم،



ئەوکات هەموو ئاژەڵان لێم دەترسێن و بۆ بەخێرهاتنم هەمیشە لەسەر پێ و لێم دەپێچنەوەو خواردنی باشم بۆ دێنن: کە لەنێوە دارستاندا پیاسە دەکەم، دەڵێن: پوولی زۆر گەورە بووە و خۆزگەمان بەخۆی کە پلەو پایەی بەرزە. بەکورتی نانم دەکەوێتە ڕۆنی..

بەڵام توولی قسەی نەدەکرد! هەموویان بەکرو کپی چاوەڕوانی بوون، بەڵکو وەکو خۆیان گوێیان لە کارەکەی ئەویش بیت. گوێچکەکان قوڵاغ بوون، بەڵام توولی هەر بێدەنگ بوو! دایکەکەی پرسی: ڕۆڵە بۆچی قسەیەک ناکەیت؟ خێراکە بڵێ تۆ دەتەوێ چ ئیشێک بکەیت!؟

کەروێشکە بچکۆلەکە، سەری خۆی داخست و لەسەرەخۆ وتی: دەمەوێ بچم ببمە ئادەمیزاد! دایکەکە وەک ئەوەی دوژمنێک هێرشی کردبێتە سەر، یەک پێ خۆی هەڵداو هاواری کرد: نەخێر.. نەخێر.. نابێ تۆ ببیتە ئادەمیزاد! چونکە بوون بەئادەمیزاد، کاری هەمووکەسێک نییە، مەگەر شێت بووی!؟ ئەسڵەن لەنێو ئەم دارستانە بێ سەروبەرەدا، ئادەمیزاد بەکەڵکی چی دێت!؟ نەخێر، نابێ تۆ ئەم کارە بکەیت! هەتا بیرکردنەوەش لێی گوناهە!! چ جای ئەوەی قسەی لێ بکەیت! لەوەش خراپتر کاری لەسەر بکەیت!! بوون بەئادەمیزاد بەچ کەڵک دێت؟ بەڵام کەروێشکی بچکۆلە بڕیاری خۆی دابوو، ئەو دەبوایە هەر ببێتە ئادەمیزاد!

چەند ڕۆژێک بەسەر چوو، ڕەنگ و ڕووی توولی بەستەزمان ڕۆژ بەڕۆژ زەردتر دەبوو، هیشک ببۆوە، ئیتر ئەو تەڕو بڕییەی چەند مانگێک لەوەوپێشی تێدا نەمابوو.. بەزۆری دەچووە پەنایەک و بیری دەکردەوە. دایک و براکانی خۆیشی بەڕاددەیەک خۆش دەویست کە ئامادە بوو گیانی خۆی لە پێناویاندا دانێ، بەس ئەوان بەدڵتەنگی و غەمباری نەبینێ، بەڵام شتێکی دیکە هێزو توانای پێ دەدا تا لەگەڵ هەست و سۆزی خۆی بجەنگێ و هەموویان وەلابنێ و بچێ ببێتە ئادەمیزاد.

توولی نەیدەزانی ئەم شتە چییە؟! بەڵام ئاگای لە توانای خۆی هەبوو،

هەر ئەو توانایەش بوو کە شەوێکیان، لە کاتێکدا هەموویان لە پڕخەی خەودابوون، ئەوی لەنێو جێ و بالینگانی گەرم و گوڕ بەدەرناو بەدرێژایی شەو ڕێی بڕی و نزیکی دەوروبەری بەیانی، لە ڕۆخ ئەم جۆگەلەیە خەوی لێ کەوت کە بەتەنیشت دارستانەکەدا تێدەپەڕی، ئەوەندە ماندوو بوو، ئاگای لێ نەبوو، چەند دەبێ خەوتووە! لەگەڵ گەرمای خۆرەتاو بەئاگا هات، گێژ ببوو، نەیدەزانی ئێرە کوێندەرە؟ بۆچی لێرەیە؟ پاشان بەسەرهاتی شەوی پێشتری خۆی هاتەوەبیر، ڕێگا درێژ بوو، کاریش گرینگ بوو... کەروێشکی بچکۆلە کەوتەوە ڕێ، ڕۆیشت و ڕۆیشت تا گەیشتە گوێدرێژێک، لەبەر خۆیەوە وتی: هەبێ و نەبێ ئەوە ئادەمیزادە. چووە پێش و سلاوێکی لێ کرد، گوێدرێژەکە خەریکی گیا خواردن بوو وتی: بەیانیت باش!

توولی پرسی: ببوورە تۆ ئادەمیزادی؟!

گوێدرێژ وەڵامی دایەوە: نەخێر، بەڵام چۆن ئەم بیرەت بەخەیاڵداهات؟!

توولی وەڵامی دایەوە: بەگوێیە درێژەکانت.

گوێدرێژەکە پێکەنی و وتی: ئەم گوێچکە درێژانە بۆئەوەیە کە فەرمانەکان باش ببیستم تا بەهەوەس و ئارەزووی خاوەنەکەم ڕەفتار بکەم، بەڵام ئادەمیزاد پێویستی بەفەرمان نییە، ئەگەر دەتەوێ بیبینی لەم ڕێگایەوە بڕۆ.

توولی دوای خواحافیزی کەوتەوە ڕێ.

ڕۆیشت و ڕۆیشت تا گەیشتە زەرافەیەک، لەبەرخۆیەوە وتی: هەبێ و نەبێ ئەوە ئادەمیزادە، بابچمە لای و ببمە ئادەمیزاد.

چووە پێشی و سلاوی لێ کرد و وتی: ببوورە تۆ ئادەمیزادی؟ زەرافەکە تاماشایەکی بەر پێی خۆی کردو، وتی:نەخێر، بەڵام چۆن ئەم بیرەت بەخەیاڵدا هات!؟ توولی وەڵامی دایەوە: لە بەژن و باڵای بەرزت!



ئەویش پێکەنی و وتی: بەژن و باڵای بەرز خۆ نیشانەی بەئادەمیزادبوون نییە! من بەوبەژن و باڵایە بەرزەم خواردن لەو بەرزاییەوە وەدەست دێنم، بەڵام ئادەمیزاد خواردنی ئەو بەرزاییە ناخوات، تا پێویستی بەبەژن و باڵای بەرزی وەکو من هەبێت. ئەگەر دەتەوێ ئەو ببینی، لەم ڕێگایەوە بڕۆ. توولی دیسان کەوتەوە ڕێ دوای بڕینی ماوەیەکی زۆر، چاوی بە(گا)یەک کەوت، لێی چووە پێش و دوای سلاوکردن و هەواڵپرسین، پێی وت: تو ئادەمیزادی؟!

(گا) وتی: نەخێر، بەڵام چۆن ئەم بیرەت بەخەیاڵداهات!؟ توولی وتی: بەهۆی قۆچە درێژەکانتەوە!

ئەویش بزەیەکی کردو وتی: ئەمە هۆکاری بەرگری لە خۆکردنمە و شەڕی پێ دەکەم و خواردنی زیاتری پێ پەیدا دەکەم، بەڵام ئادەمیزاد لەسەر خواردن شەڕ ناکات، ئەگەر دەتەوێ بیبینی بڕۆ سەرەوەتر.

توولی بەستەزمان ماندی و شەکەت بوو، هەندێ جار قسەکانی دایکی بەبیرەخۆ دەهێنایەوە(بوون بەئادەمیزاد کاری هەموو کەسێک نییە!).

خۆر تا دەهات لە ناوەڕاستی ئاسمان نزیکتر دەبووەو برسیەتی و تینوویەتی کەروێشکە بچکۆلەی شپرزەدەکرد، ئێستا ئەو تێگەشتبوو کە بوون بەئادەمیزاد کارێکی ئاسان نییە!

لە کاتێکدا کە نقوومی بیرکردنەوە ببوو، لەسەرەخۆ هەنگاوی هەڵدێنا، چاوی بەدوومنداڵی جانتا لەشان کەوت، دیاربوو لە قوتابخانە دەگەڕانەوە.

لەبەرخۆیەوە وتی: ئەوانە کە ناتوانن ببنە ئادەمیزاد، ئیدی لە پای چی پرسیار بکەم؟ باشتر وایە لەسەر ڕۆیشتنی خۆم بەردەوام بم، بەڵام دەنگێک هات و توولی بچکۆلەی لە ڕۆیشتن ڕاگرت! گوێی لێ بوو یەکێک بەدەنگێکی بەرز بەهاوڕێکەی خۆی دەوت: تۆ ئادەمیزاد نیت؟.. تۆ ئادەمیزاد نیت..؟

گوێچکەکانی توولی وشت ببوون وله جێی خۆی نەدەجوولا، دەیویست گوێی لە هەموو قسەکان بێت. توولی لە ئامانجەکەی خۆی نزیک کەوتبووەوە، دەبوایەزۆر وردبین بووایە. منداڵەکە بەهاوڕێیەکەی خۆی دەگوت: (تۆ ئادەمیزاد نیت؟) چونکە ئەمڕۆ بەزۆری و بەتۆبزی خۆراکت لێ سەندم، بۆ ئەوەی هاواریش نەکەم، تێروپڕت لێدام! لەوەش خراپتر، وەختێ بۆ شکایەت چوومە لای مامۆستا، تۆ چەند قوتابییەکت لە دۆستەکانی خۆت کۆ کردبووەوە لەوانەی کە لێت دەترسان، هەموویان وتیان گوایە من درۆ دەکەم و تۆ هەرگیز خۆراکت لەمن نەستاندووە و لێشت نەداوم!!

مامۆستاش بڕوای کردو وای بۆچوو کە من درۆزنێکی گەورەم، بۆیە دەڵێم تۆ ئادەمیزاد نیت... ئادەمیزاد نیت... تا ببمە هاوڕێت.

تۆ کە ئادەمیزاد نیت، هیچ یەک لە دۆستەکانیشت ئادەمیزاد نین، ئەوان ترسنۆکن، بەهۆی ئەوانەوەبوو کە تۆ زوڵمت لەمن کرد، ئەگەر ئەوانە بەمجۆرەیە نەبووان، ئەوا حەقیقەت دەردەکەوت و مامۆستاش بەڕاست و دروستی تێدەگەیشت! ئیدی من ئامادە نیم لەگەڵ تۆدا چیدی قسە بکەم.

توولی بەباشی گوێی خۆی قولاغ کردبوو، جوان گوێی لە قسەی منداڵەکان بوو، لەبەرخۆیەوە وتی: ئێستا تێگەیشتم بوون بەئادەمیزاد هەتا بۆ ئادەمیزاد خۆیشیان کارێکی ئاسان نییە! بوون بەئادەمیزاد زۆر شتی پێ دەوێ، پێویستە کارو کردەوەی ڕاست و دروست و ئەمانەتدار بێ، پێویستە ڕاستگۆو بوێرو نەترس بێ، من کە ئادەمیزاد نیم، بەڵام لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم کە ئەو سیفەتە باشانەی ئادەمیزادم تێدا بێتە دی.

سەرچاوە: گۆڤاری (پیام شادی)، ژ(١)، زنجیرەی (٢٥)، ساڵی سێیەم ل ٢١-٢٣.

# پێڕست


وەنەوشەی شاژن – موجتە بامینەوی ........ 7
تاریکخانە – سادق هیدایەت ........ 23
پەلکە پرتەقاڵ – سەمەدی بەهرەنگی ........ 37
زەید عەلی خان – خوسرەوی شاهانی ........ 47
مەراق کردن – خوسرەوی شاهانی ........ 55
چیرۆکێکی بێ ناو – فەریدە خیرەمەند ........ 65
فڕوفێڵی سیاسی – یووسف ئیعتیسام ئەلمولک ........ 71
ئامۆژگاری دالآش – یووسف ئیعتیسام ئەلمولک ........ 77
قەل و کۆتر– یووسف ئیعتیسام ئەلمولک ........ 81
دروستکردنی کێک – ئەبو لقاسم حالەت ........ 87
لەدەفتەری یاداشتی دەقێکدا – ع. شکرچیان ........ 91
لەڕۆژێکی بێ هەموو شتێکی بەهاریدا – عومران سەلاحی ........ 97
تۆنە بووی – ئیبراهیم هاشمی ........ 108
گەڵای پایز – عەلی محەمەد سەلیمی قەلعەیی ........ 107
ئەو کەروێشکەی دەیویست ببێتە ئادەمیزاد – حەمید ڕەزاسەفایی ........ 119